# ماهشەرەفخانمی ئەردەڵانی(مەستورەی کوردستانی) مێژوونووس و نووسەر (١٨٠٥-١٨٤٧ز)؛ ژیان و سەردەمەکەی

**پ.ی.د. ئارام عەلی مستەفا**

بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان/ عێراق

**پوختە-** ماهشەرەفخانم بە هۆی ئەو پەروەردەیەی لەلایەن خێزانەکەیەوە هەیبووە و ئەو پێگە گرنگەی باوک و باپیری و هەردوو بنەماڵەی دایک و باوکی هەیانبوو، کەسایەتییەکی خوێندەوار و هوشیاری لێ دروستبووە؛

لە میرنشینی ئەردەڵان و شاری سنەی پایتەختیدا، وەک مەڵبەندێکی خوێندەواریی و ڕۆشنبیریی، چ ئایینی و چ زانستی مێژووناسیی، لەپاڵ بوونی بناغەیەکی گەورە و پتەودا، کۆمەڵێک مێژوونووس و بیرمەندی گەورە هەبوون، کە کاریان لەسەر هزر و دنیابینیی ماهشەرەفخانم کردووە؛

ماهشەرەفخانم بە گەواهی زۆر لە کوردناسان، تەنیا مێژوونووسی ئافرەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم و یەکەمین ئافرەتیشە، کە لەو سەردەمەدا سەرباری شاعیرێتی، لە بواری زانستە ئیسلامییەکانیشدا شارەزایی هەبووە و بەرهەمی نایابی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە؛

دەسەڵاتدارانی ئێران بەتایبەتی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە لەڕێگەی ژنوژنخوازییەوە، توانیان هەژموونی خۆیان و پرۆسەی بەشیعەکردنی کوردی ئەردەڵان چڕتر بکەنەوە و کاتێک بەرهەڵستیان بۆ دروستبوو، ڕاستەوخۆ دەستیان بەسەر میرنشینی ئەردەڵاندا گرت و پاش ماوەیەکیش بە تەواوی هەڵیان وەشاندەوە؛

میرنشینی ئەردەڵان، وەک بەشێک لە کوردستانی باشوری ڕۆژهەڵات، بێجگە لەوەی هەر لەو ناوچانەدا سەری هەڵداوە، کە دواتر بۆ ماوەی دوو سەدە لەژێر قەڵەمرەویی میرنشینی باباندا بووە، و ماوەیەکی زۆریش ململانێ لەنێوان هەردوو میرنشییەکەدا دروستبووە و خاکی یەکتریان داگیرکردووە، بەڵام بەپێچەوانەی خواستی داگیرکەرانی کوردستانەوە، لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا نزیکبوونەوەیەکی زۆر و خزمایەتیی و تێکەڵیەکی هەمەلایەنە لەناویاندا دروستبووە، هەر بۆیە لە کاتی لیقەوماندا پەنایان بۆ یەکتر بردووە. دواجاریش، کە خۆری ماڵباتی ئەردەڵان بەرەو ئاوابوون دەچێت، ماهشەرەفخانم و چەند هەزار کەسێکی تر ئەردەڵان بەجێ دەهێڵن و لە پایتەختی باباندا پێشوازیی گەرمیان لێ دەکرێت.

**کلیلە وشەکان-** ماهشەرەفخانم، مەستوورە، ئەردەڵان، بابان، کوردستانی باشوری ڕۆژهەڵات.

## پێشەکی

ماهشەرەفخانم، کە بە نازناوی ئەدەبیی مەستوورەش ناسراوە، یەکێک بوو لە کەسایەتییە ڕۆشنبیر و خاوەن هزرەکانی میرنشینی ئەردەڵان، کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی وەک ئافرەت هاوشێوەی نەبووە. ئەو لە خێزانێکی خاوەن پلەوپایەی ناو دەستەبژێرانی کۆمەڵگای ئەردەڵان گۆشکرابوو، کە جیا لە پیاوانی دەوڵەت و خاوەن دەسەلات، چەندان شاعیر و مێژوونووسی بەناوبانگی تێدا هەڵکەوتبوو.

میرنشینی ئەردەڵان لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، بەتایبەتی دوای مردنی خوسرەوخانی ناکام و دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لەلایەن والییە حوسن جیهانخانمی شازادەی ئێران و ژنی یەکەمی خوسرەوخانی مێردی ماهشەرەفخانم کەوتە گێژاوی ململانێیی نێوان کوڕەکانی و هەڵپەی پیاوانی دەرباری قاجارەکان بۆ دەستبەسەرداگرتنی و بڕیاری بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتە خۆجێیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەروبەری پەیمانی ئەرزڕۆمی دووەمدا. ئەو میرنشینیە، سەرەتا لە ناوچەی شارەزوور و دواتر لەو سنورانەی ڕۆژئاوای زنجیرە چیاکانی زاگرۆس، کە بەپێی پەیمانی زەهاوی ساڵی ١٦٣٩ دەستنیشان کرابوو، لە ژێر فەرمانڕەوایی نەوەکانی بابا ئەردەڵاندا بووە، بەڵام لە چلەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە کەوتۆتە ژێر ڕکێفی ڕاستەوخۆی شازادەکانی ئێرانەوە تا لە ساڵی ١٨٦٧دا بە یەکجاری هەڵیان وەشاندەوە.

ڕاستە مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، تیشکخستنە سەر ژیان، کەسایەتی و چالاکییە هزریی و "مەعریفی"یەکانی ماهشەرەفخانم و ئەو هەلومەرجەی تێیدا دەرکەوتووە و هەروەها هۆکارەکانی بارکردنی بۆ پایتەختی بابانە، بەڵام بۆ تەواوکردنی وێنە گەورەکە و بەرچاوڕوونی، پێویستە وەڵامی هەندێک پرسیاری تریش بدرێتەوە، بۆ نموونە: بۆچی ماهشەرەفخانم لەگەڵ هەزاران کەسی تردا بۆ ناوچەی قەڵەمڕەویی

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 5، العدد 2(2019) ؛ عدد الصفحات (12)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v5n2y2019.pp1-12

أُستلم البحث في 14 كانون الثاني 2019؛ قُبل في 18 شباط 2019

ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 7 نيسان 2019

البريد الإلكتروني للمؤلف : aram.mustafa@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2019 ئارام عەلی مستەفا. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بابان گواستیانەوە و لەوێش بە گەرمی پێشوازییان لێکرا؟ چۆن پەیوەندییەک، لە ئاستی ماڵباتی میرانی هەردوولا و ئاستی خەڵکی ڕەشۆکییدا هەبوو؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە و هی تریش، وایان کردووە، کە توێژەر ناچار بێت، بۆ مێژوویەکی دوورتر لە سەردەمی ژیانی ماهشەرەفخانم بگەڕێتەوە، ئەگەرچی کار لە قەبارەی توێژینەوەکە بکات.

## گرنگیی توێژینەوەکە

نووسین و توێژینەوە لەسەر مێژووی ئەردەڵان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران و میرنشینی بابان لەلایەک و، ماهشەرەفخانم، وەک شاعیر و نووسەر لەلایەکی ترەوە بەگشتی ئەنجام دراون، بەڵام تیشکنەخراوەتە سەر هەلومەرجەکانی پشت ڕەخساندنی دەرفەتی پێگەیشتنی هزریی، وەک نووسەر و مێژوونووس بۆ یەکەمین مێژوونووسی ئافرەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا بەتایبەتی.

## ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە، کە بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە و بەپشتبەستن بە سەرچاوەی ئەکادیمی و زانستی جیاواز، هاوکات لەگەڵ ناساندنی ماهشەرەفخانم، وەک مێژوونووس و دانەری بەرهەمی ئەدەبی و بواری شەرع، تیشکبخرێتە سەر هەلومەرجی پێگەیشتنی ئەو، وەک مێژوونووس و نووسەر، هەروەها خستنەڕووی توانا و شێوازی لە نووسینی مێژوودا، لەپاڵ ئەمانەیشدا، ڕوونکردنەوەی ئەو هۆکارانەی پاڵیان بە ماهشەرەفخانم و هەزاران کەسی تری دانیشتووی ئەردەڵانەوە نا، پەنا بۆ میرنشینیی بابان بەرن.

توێژینەوەکە لە پوختە، پێشەکی و سێ باس، دەرئەنجام بە زمانی کوردی و پوختەیەك بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزیی، و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە:
باسی یەکەم: میرنشینیی ئەردەڵان لە قۆناغی پێش لەدایکبوونی ماهشەرەفخانمدا؛ باسی دووەم لەژێر ناونیشانی: ماهشەرەفخانم، ژیان و سەردەمەکەی، کە تایبەتە بە خێزان و ژیانی کۆمەڵایەتیی ماهشەرەفخانم خۆی؛ باسی سێیەمیش سەبارەت بە کار و بەرهەمی ماهشەرەفخانم، وەک نووسەر و مێژوونووسە.

## باسی یەکەم
## میرنشینیی ئەردەڵان لە قۆناغی پێش لەدایکبوونی ماهشەرەفخانمدا

### ١:١ مێژووی میرنشینی ئەردەڵان

مێژووی میرنشینی ئەردەڵان بەسەر سێ قۆناغدا دابەش بووە، قۆناغی یەکەم:
لە دامەزراندنی میرنشینیەکەوە تا کۆتایی سەدەی پانزدەیەم، زۆر ڕۆشننەکراوەتەوە و تەنیا پشت بە زانیاری زارەکیی ناوچەیی و گێڕانەوە دەبەستێت. لەم قۆناغەدا بەشی زۆری کوردستانی باشوری ڕۆژهەڵات لەناو قەڵەمڕەویی ئەردەڵاندا بوو، تەنیا لەژێر گوشاری پەلاماری جەلائیرییەکاندا(١٣٧٠ - ١٥٠٦) لە سەدەی چواردەیەمدا ئەردەڵان ناوچەکانی باکوری ڕۆژاوای لەدەست دەچێت، بەڵام لە سەدەی پانزەیەمدا، لە سەردەمی حوکمڕانیی مەئمونی یەکەمدا، زێی گەورە دەبێتە سنوری باکوری میرنشینیەکە. بەپێی لۆنگریگیش هیچ کام لە دراوسێکانی ئەردەڵان نەیتوانیووە لە ڕووی دۆخی شاهانەیانەوە، شان لە شانی ئەمان بدات؛ قۆناغی دووەم – کە ماوەی سەدە و نیوێک دەخایەنێت: لە سەدەی شانزەیەمەوە تا ساڵی ١٦٥٧/ ١٦٥٨ قۆناغێکی زۆر گرنگ و تەنانەت وەرچەرخێنەر بووە. لەگەڵ سەدەی شانزەیەمدا ململانێیەکی چەند سەدەیی لەنێوان ئیمپراتۆریی عوسمانیی و ئێرانیدا لەسەر دەستبەسەرداگرتنی کوردستان دەستی پێکرد. لەناو میرنشینی ئەردەڵاندا ململانێیەکی سەختی ئەوانە لەسەر دەشتە بەپیتەکەی شارەزوور، کە بەشێک بوو لە قەڵەمڕەویی ماڵباتی ئەردەڵان.(ڤاسیلییێڤا،٢٠١٢: ٣٠)

### ٢:١ میرنشینی ئەردەڵان تا سەردەمی هاتنەژیانی ماهشەرەفخانم

لە قۆناغی سێیەمی مێژووی ئەردەڵاندا، لە ساڵی ١٦٥٧/١٦٥٨ تا ساڵی ١٨٢٤/١٨٢٥، بارودۆخ لە کوردستانی ئەردەڵان بەشێوەیەکی بنچینەیی گۆڕدرا. ڕووبەری میرنشینیەکە کەمبووەوە و تەنیا ناوچەی ئەردەڵانی دەگرتەوە و هەندێک جاریش تەنانەت دەسەڵات لە ماڵباتی میران دەسەنرایەوە.

هەرچەندە دوو نوێنەری ئەم ماڵباتە لە کۆتاییەکانی ئەم قۆناغەدا، بۆ ماوەی نیوسەدەیەک، مەزنایەتی ماڵباتەکەیان گێڕایەوە و ئەو ستاتوسەیان بەدەستهێنا، کە لەلایەن هاوچەرخانیانەوە، وەک شانشینیی ناودەهێنرا. ئەوانیش خوسرەوخان و ئەمانوڵاخانی مەزن بوون. ئەو سەرکەوتنانەی خوسرەوخان بە سەر سێ ڕکابەری تەختی دەسەڵاتی ئێران– ئیسماعیل خان، جەعفەر خانی زەندی و ئەڵا قولیخانی زەنگەنەدا بەکردەوە ڕێگەیان بۆ هاتنەسەر تەختی ئاغا محەمەدخانی، دامەزرێنەری بنەماڵەی قاجارەکان خۆشکرد.(ڤاسیلییێڤا.٢٠١٢: ٣١-٣٢)

خوسرەوخان(١٧٥٦ – ١٧٩١) و ئەمانوڵاخانی کوڕی توانیان تا ڕادەیەک پێگەی خۆیان بەهێز بکەن، ناوچەکانی ژێردەستیان فراوان بکەن و ئاستی پشتبەستن بە دەسەڵاتی ناوەندیی لاواز بکەن.(Мах- Шараф ханум Курдистани,1990:12) ئەمە لەکاتێکدا، کە کەریمخانی زەند، چەند جارێک هێرشی وێرانکەرانەی کردبووە سەر میرنشینی ئەردەڵان، جگە لە خۆراسان هەموو ئێرانیشی ملکەچی خۆی کرد.(ڤاسیلییەڤا،٢٠٠٩: ٦١)

کۆچی دوایی کەریمخانی زەند ساڵی ١٧٧٩ و ئەو زۆرانبازییەی بەدوایدا هات لە سەرتەختی ئێران و بەردەوامبوونی بۆ ماوەی بیست ساڵان، بووە هۆی ئەوەی هێزەکان بەشێوەیەکی تر دامەزرێنەوە، کاتێک زەندەکان بەرەو ڕووی ئەفشاری و قاجارەکان بوونەوە، خوسرەوخان لە ئەردەڵاندا دەسەڵاتی خۆی قایم کرد. میری ئەردەڵان بەشدارییەکی تایبەتی چالاکانەی کرد لەو زۆرانبازییەی لەپێناو تەختی ئێراندا، بەڵام سیاسەتی تایبەتی خۆی بەڕێوە دەبرد – پاڵی دەدایە لای زەند یان قاجارەکان یان شەڕی لەگەڵدا دەکردن بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی. خوسرەوخان لەو ڕەوشە سیاسییە ئاڵۆزەی پاش ساڵی ١٧٧٩ دا بەکردەوە سەربەخۆیی وەدەست هێنابوو.(ڤاسیلییەڤا،٢٠٠٩: ٦٥)

هەرچەندە پێناچێت، کە محەمەد ئاغای قاجار ئەو چاکەیەی خوسرەوخانی لەبەر چاو بووبێت، چونکە وەک ڤاسیلییێڤا دەڵێت:"ماهشەرەفخانم تاقە مێژوونووسێکی ئەردەڵانییە باسی ئەوە بکات، کە پێوەندی نێوان خانی قاجاری و خوسرەوخان هەرگیز ئاشتییانە نەبووە و بەڵگەی مەبەستی ئاغا محەمەدخان بۆ گرتنی میرنشینی ئەردەڵان دەهێنێتەوە و دەڵێت:"لەم ساڵەدا(١٧٨٧– ی. ئ) ئاغا محەمەدخانی قاجاری... دەیویست کوردستان داگیر بکات".(ڤاسیلییەڤا،٢٠٠٨: ٦٩) هەرچەندە ئەو کاتە و دواتریش لە سەرەتای چەسپاندنی دەسەڵاتی قاجارییەکاندا، خوسرەوخانی مەزن هێندە بەتوانا و خاوەن پێگە بووە، بەشێوەیەک وەک لەو گفتوگۆیەی لەنێوان خوسرەوخان و وەزیرەکەیدا، کە ماهشەرەفخانم دەیگێڕێتەوە:"وەزیر ڕێنمایی دەکات،

که بانگەشەی شاهانەی خۆی بدا و "لە هەموو دەوڵەتی ئێرانیدا دەهۆڵی شاهانە لێ بدرێ". خوسرەوخان، هەرچەندە لە خۆی دڵنیا بووە، کە بتوانێ تەختی ئێران بگرێ، بەڵام وەڵامی وەزیری داوەتەوە:"ئێستاکە دەتوانم شاهایەتی لەم وڵاتەدا وەدەست بێنم و تاقە کۆسپێکیش لەبەردەم ئێمەدا نییە.. دە هەرکێ دەوێرێ ڕێگەمان بگرێ"".(ڤاسیلییەڤا،٢٠٠٩: ٦٧-٦٨) هەرچی ئەمانوڵاخانی کوڕیشیەتی، توانیویەتی بە زۆر سەر بە ناوداران و سەرۆک هۆزەکانی ئەردەڵان دابنەوێنێت و بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و دەسەڵاتی ناوەندیی میرنشینیەکەی بەهێز بکات. بە شایەتی خەڵکی سەردەمەکەی ئەمانوڵاخان لەژێر دەسەڵاتی کەسدا نەبووە و پاشایەکی سەربەخۆ بووە. (Мах Шараф ханум Курдистани,1990:12)

## ٣:١ پەیوەندی نێوان میرنشینی بابان و ئەردەڵان لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم

هەوڵدان بۆ دامەزراندنی پەوەندیی هاوسێیەتی، هەروەک لەلایەن ئەردەڵانیەکانەوە، ئاواش لەلایەن بابانەکانیشەوە بەدی دەکرا. لەناو بنەماڵەی باباندا دوای ئەوەی، بۆ ماوەیەکی کورت، شەڕی ناوخۆ هێمن بووەوە، بە قسەی ماهشەرەفخانم، کاتێک دوو برای مەحمود پاشا، کە لە ساڵی ١٧٧٨ەوە لە سەرتەختی بابان بوون، "لەبەر کردەوەکانی ئەو چوونە خزمەتی خوسرەوخان، مەحمود پاشا دەروازەی خۆشەویستی واڵا کرد و بانگەشەی یارمەتیی دا، یەکبوون و یەکێتیی دەربڕی". خوسرەوخانیش، کە کاتێک دەبوایە بۆ ئەسفەهان بچێت، فەرمانی بە کەس و خزمەکانی دا، کە لەکاتی هەستکردن بە مەترسی، لای بابانەکان خۆیان بشارنەوە. کەسانی سیاسیی و جەنگیی ئەردەڵان و بابان وەکو بڵێی وردەوردە توانییان دوژمنانی خۆیان بناسن، کە سەدان ساڵ بوو ئەمانیان لە یەکدیی تیإ دەدان، بۆ ئەوەی ملکەچیان بکەن و سوود لە هێزی چەکدارییان وەرگرن.(ڤاسیلییەڤا،٢٠٠٩: ٦٦)

عەبدولقادر بابانییش، دانەری کتێبی(سییەر ئەلئەکراد) لە باسی بارودۆخی سیاسی و کوردستانی باشوری ڕۆژهەڵات، نزیکبوونەوەی میرنشینیی بابان و ئەردەڵان و خوسرەخاندا دەڵێت:" لەنێوان ئەو و پاشای باباندا یەکێتییەکی تەواو، گرێی خۆشەویستی و یەکبوون لەلایەن هەردوو لاوە توند گرێ درابوو. نزیکبوونەوەی هاوبەش بەرەو یەکتر لەنێوان هەردوو ناوچەی باشوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەوە دەچوو، هەموو توێژەکانی بژاردەی کوردی گرتبێتەوە، دیپلۆماتیی ژنوژنخوازیی دەستی بە چالاکبوون کرد.(ڤاسیلیێڤا،٢٠١٨: ١٩) هەر لەو سەردەمەدا دوو خێزانی بەتوانای کوردستانی باشوری ڕۆژهەڵات،ماڵباتی وەکیلەکانی ئەردەڵان و خێزانی ئەحمەد بەگ و ڕۆستەم بەگی باپیر و باوکی دانەری (سییەر ئەلئەکراد)ش لە ڕێگەی ژنوژنخوازییەوە لەیەک نزیکبوونەوە. دەستپێشخەرییەکەش لەلایەن وەکیل محەمەد ڕەشید بەگەوە بوو، کاتێک داوای خوشکی ئەحمەد بەگی بۆ کوڕە گەورەکەی و جێنشینی فەتحعەلی بەگ کرد، کە لە میرنشینیی باباندا پۆستی وەزیر و ڕاوێژکاری میری هەبوو.(ڤاسیلیێڤا،٢٠١٨: ١٩)

ڕۆستەم بەگی باوکی عەبدولقادر بابانیی تا ساڵی ١٨٤٨ تا کۆتایی ماوەی مانەوەی مەحمود پاشا لە ئێران، وەک ڕاوێژکاری لەگەڵی مایەوە. تەنانەت تا ئەو کاتەیش لەگەڵیدا بوو، کە پرسی چوونی مەحمود پاشا بۆ ئازەربایجان و هەڵهاتنی و ئەو هەزار خێزانە بابانییە بۆ سلێمانی هاتە پێشەوە. بەڵام نەیدەتوانی لەگەڵ مەحمود پاشادا بۆ بەغداد بچێت، چونکە خێزانەکەی ڕەگی زۆر قوڵی لە ئەردەڵان داکوتابوو و لەگەڵ خێزانەکانی وەکیل و وەزیردا تێکەڵییەکی زۆریان پەیداکردبوو.(ڤاسیلیێڤا،٢٠١٨: ٤٠)

لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆستەم بەگ لە ئێران ناچاری هەڵگرتنی بارێکی سیاسی جیاواز و گرتنەبەری ئاڕاستەیەکی جوداتر بوو. گرنگترین ئاڕاستەکان – شازادەی جێنشین عەباس میرزا، کە لەگەڵ خێزانی بابانەکاندا خزمایەتی ژنوژنخوازیی هەبوو، ئەمەش کاریگەریی دەروونی لەسەر ئاسۆکانی بەردەم هەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کوڕە گەورەکەی مابووەوە، کە ئەویش زاوای مەحمود پاشا بوو، لە هەموویشی گرنگتر ئەوە بوو، لەوێ ماڵباتی میرانی ئەردەڵان و میرنشینیی ئەردەڵان هەبوون، کە هەمووکات بە دڵاوایییەوە پێشوازییان لە خزمان و خەڵکانی نزیکیان لە سلێمانییەوە دەکرد. ئەوان – میرنشینیی بابان و ئەردەڵان، لەگەڵ ئەوەشدا کە سنوری ئێران و عوسمانییش هەبوو، کە کوردستانی کردبوو بە دوو پارچەوە، بەڵام بە یەکگرتوویی مابوونەوە.(ڤاسیلیێڤا،٢٠١٨: ١٣٤)

# باسی دووەم
# ماهشەرەفخانم؛ ژیان و سەردەمەکەی

## ١:٢ ماهشەرەفخانم، خێزان و ژیانی کۆمەڵایەتیی

ماهشەرەفخانم، کە نازناوی مەستوورەیە، کچی ئەبولحەسەن یان ئەولەسەن بەگی قادرییە، دایکی لە بنەماڵەی وەزیریی سنە بووە. ئەبولحەسەنی باوکی، کە پیاوێکی زانا و ئەدیب بووە. زۆر حەزی لەوە بووە مەستوورە بە شێوەیەکی جیا لە ئافرەتانی ئەو سەردەمە پەروەردە بکات و لە زانست و ئەدەبدا میراتگری خۆی بێت.. بۆ گەیشتن بەم ئاواتە مەستوورەی وەک سێبەری خۆی لێ کردبوو، لە هەڵسوکەوت و قسە و باسدا، بەتایبەت کە دەچوو بۆ شار و گوندەکانی، مەستوورە هاوڕێی هەمیشەیی بوو.

بابا مەردۆخی ڕۆحانی لەبارەی مەستوورەی کوردستانی نووسیویەتی:"خاتوونی مێژوونووس، فەقیهـ و شاعیری سنەیی ماهشەرەف خانم، نازناو(مەستوورە)، کە ساڵی ١٢٢٠ ک.(١٨٠٥ز.) لەدایکبووە و ١٢٦٤ ک.(١٨٤٧ز.) لە دنیا چووە. کچی ئەولەسەن بەگی کوڕی محەمەد ئاغای نازیری کوردستانی و برازای میرزا عەبدوڵلای ڕەونەق بوو، خاوەنی ژیننامەی( حدیقەی امان اللهي) و هاوسەری خوسرەوی ناکام، والی ئەردەڵانە. بنەماڵەی قادریی ناسراون و باپیری خەزنەداری والییانی ئەردەڵان و بابی لە پیاوماقووڵانی ئەو دەورانە بووە".(ماهشەرەفخانمی ئەردەڵانی،٢٠١١: ٨)

ماهشەرەفخانمی کوردستانی، کە بە ماهشەرەفخانمی سەنەندەجی یان ئەردەڵانیی و مەستوورەی کوردستانییش ناسراوە، لە لاپەڕەکانی کتێبەکەیدا خۆی تەنیا بە نازناوە ئەدەبییەکەی، مەستوورە ناودەبات. ماهشەرەفخانم ساڵی ١٨٠٥ – ١٨٠٦ لە سنەی پایتەختی میرنشینی ئەردەڵان، لە سەردەمی ئەمانوڵاخان(١٧٩٩ – ١٨٢٥) لەدایکبووە. (Мах Шараф ханум Курдистани,1990:12)

ئەگەرچی بۆچوونی جیاواز لەسەر ساڵی لەدایکبوون و مردنی هەیە، لەوانە ناسری ئازادپور، کە ساڵی ١٩٤٦ "مێژووی ئەردەڵان"ی ماهشەرەفخانمی چاپکردووە، لەو باوەڕەدا بووە، کە ساڵی ١٢٢٠ ک.(١٨٠٥ز.) لەدایکبووە و ساڵی ١٢٦٦ک.(١٨٤٩ز.) مردووە، واتە ٤٤ ساڵ ژیاوە، بەڵام د. عەبدوڵا مەردۆخ پێی وایە کە ساڵی ١٨١١ لەدایکبووە و ساڵی ١٨٤٦، لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا مردووە.(کۆمەڵێک توێژەر،٢٠٠٦: ١٩)

هەرچی میرزا عەلی ئەکبەری کوردستانیی ئامۆزایشیەتی، لەبارەی ساڵی مردن و ساڵەکانی تەمەنی ماهشەرەفخانمەوە دەڵێت:"لەناو ناودارنی ئەم تایەفەیە، کچەمامی ئەم دانەرە، ماهشەرەفخانم ناسراو بە مەستوورەیە. ئەو پاکیزەیە شایەنی ئەوەیە، کە مێژوونووسانی جیهان، لە لاپەڕەی مێژووەکانیاندا، لەپای فەزڵ و ئەدەب و شیعر و نووسینەکانی یادی بکەنەوە. ئەو، کە خاوەنی بیست هەزار بەیتە لە غەزەل و جگە لە شیعری تر، ساڵی ١٨٤٧ لە تەمەنی ٤٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە".(کردستانی،٢٠٠٣: ٢٢٧) پێدەچێت، کە ئەوەی ماهشەرەفخانم لە ساڵی ١٨٠٥ لەدایک بووبێت و ساڵی ١٨٤٧ لە شاری سلێمانی کۆچی کردبێت، لە هەموو مێژووەکانی تر ڕاستتر بێت و ڤاسیلییێڤاش، کە پسپۆڕێکی مێژووی ئەردەڵانە، پشتگیریی ئەو بۆچوونەی میرزا عەلی ئەکبەر دەکات و لە پێشەکی چاپە ڕوسیەکەی کتێبەکەی ماهشەرەفخانمدا دەڵێت:"ماهشەرەفخانم لە نووسینی کتێبەکەیدا تا کۆتایی تشرینی دووەم – سەرەتای کانوونی یەکەمی ١٨٤٧ بەردەوام بووە. بەڵام مەرگ ڕێگەی تەواوکردنی دانانەکەی لێ گرتووە".Мах Шараф )
ханум Курдистани,1990:30)

## ٢:٢ خێزانی ماهشەرەفخانم و پێگەیان لەناو میرنشینی ئەردەڵاندا

ماهشەرەفخانم لە بنەماڵەیەکی ناودار بووە، کە تێکەڵی دوو ماڵباتی دەستڕۆیشتوو، لە ڕووی پێگەی سیاسی، ئابووری و کولتووریی بوو - لە دایکەوە لە بنەماڵەی وەزیرە و لە باوکەوە سەر بە قادرییەکانە. ئەم دوو بنەماڵەیە لە بنەماڵە بەهێز و دەسەڵاتدارەکانی سنە و میرنشینی ئەردەڵان بوون. بنەماڵەی وەزیر ڕۆڵێکی زۆریان لە بەربەرەکانی و هەوڵی گرتنی دەسەڵاتی ئەردەڵانیان هەبوو، هەندێ جار پشتی بنەماڵەی میرانی ئەردەڵانیان دەگرت و جارجاریش بە چەک دژیان دەوەستانەوە، هەرچی بنەماڵەی قادرییەکان بوو، وەک ماهشەرەفخانم لە "مێژووی ئەردەڵان" باسی دەکات، بۆ میرەکانی ئەردەڵان، دڵسۆز و بە ئەمەک بوون و هەموودەم خاوەن پلە و پێگەی دەسەڵات بوون. محەمەد ئاغای باپیری مەستوورە بەشداری زۆربەی ڕووداوە گرنگەکانی میرنشینیەکەی کردووە و نزیکەی نیو سەدە و لە سەردەمی چوار لە میرەکانی ئەردەڵاندا نازیر(سەرکار)ی کوردستان بووە. ئەرکی نازیر، پاراستنی هێمنیی و ئاسایشی ناوخۆی میرنشینیەکە و سنورەکانیشی بووە. ئەم پایەیەش ڕێگەی لە محەمەد ئاغا نەگرتووە، کە بەشداریی دەسەڵاتدارانی میرنشینیەکە بکات، لە پیلان و ئاژاوەنانەوەدا بۆ دەسەڵات گرتنەدەست.(مەستوورەی کوردستانی،١٩٨٩: ١٥٧)

محەمەد ئاغای باپیرەی ماهشەرەفخانم، کە یەکێک بووە لە کەسە نزیکەکانی خوسرەوخان، بۆ یەکەم جار ناوی لە ڕووداوەکانی سەرەتای هەشتاکانی سەدەی هەژدەیەمدا دێت. ئەو نزیکییەش بەهۆی ئەوەوە بووە، کە کاتێک باوکی محەمەد ئاغا مردووە، ئەم نۆ ساڵ بووە، ئیتر خوسرەوخانی گەورە سەرپەرشتی ئەو و خوشک و براکەی وەئەستۆگرتووە و پێی گەیاندوون. ئەویش بەهۆی ئەوەی عەلیخانی باوکی محەمەد ئاغا سەردەمێک چاکەی زۆری لەگەڵ خان ئەحمەدخانی باوکی خوسرەوخانی گەورەدا کردووە و جێی خۆیەتی ئەگەر خوسرەوخان چاودێریی نەوەکانی کردبێت".(کۆمەڵێک توێژەر،٢٠٠٦: ٢٣-٢٤) ئەم نزیکبوونەوەیەش دواتر زۆرتر پەرەدەستێنێت، بەتایبەتیش، کاتێک محەمەد ئاغا سێ کوڕ و کچێکی دەبێت و، کچەکەی، کە ناوی خوردە خانم بوو، ئەمانوڵاخانی کوڕی خوسرەوخانی گەورە دەیخوازێت و هەر لەمیش حوسێن قولیخان لەدایک دەبێت.(کۆمەڵێک توێژەر،٢٠٠٦: ٢٤)

محەمەد ئاغا، کە چەندین جار چاوی بە فەتحعەلی شای قاجار کەوتووە و خەڵات و شایستەی زۆری پێدراوە، لە زۆربەی شەڕەکانی خوسرەوخانی گەورە و فراوانخوازییەکانیدا بەشداربووە. ئیبراهیم ئاغا و ئیسماعیل ئاغای براکانی لە پیاوە مەزنەکانی میرنشینیەکە بوون و هەر سێ براش پایەوپلەی بەرزیان هەبووە.(کردستانی،٢٠٠٣: ٢٢٧)

یەکێک لە سێ کوڕەکەی محەمەد ئاغا، میرزا عەبدوڵای مونشیباشی(ڕەونەق)(١٨٠٤ –١٨٦٤)، باوکی میرزا عەلی ئەکبەر خانی سادیق ئەلمولک، ناسراو عەلی ئەکبەر کوردستانیی وەقایعنگار و نووسەری "حەدیقەی ناسرییە"، تەنیا دوو ساڵ لە ماهشەرەفخانم گەورەتر بووە و خاوەنی کتێبی "حەدیقەی ئەمانوڵاهی".(کۆمەڵێک توێژەر،٢٠٠٦: ٢٤)

دایکی ماهشەرەفخانم، کە ناوی مەلەک نیسا خانم بووە، لە وەزیرەکانی سنەیە و باپیرە گەورەیان میرزا عەبدوڵای وەزیرە. میرزا فەتحوڵای خوڕەمی، کە دەبێتە مامی دایکی مەستوورە، پێشتر سەرداری خوسرەوخانی گەورە بووە، بەڵام پاڵی داوەتە لوتفعەلی خانی زەندەوە و بۆ نەگبەتی دەکەوێتە چنگی ئاغا محەمەدخان و ئەمیش هەردوو چاوی هەڵدەکۆڵێت. بەشوێن ئەوەدا ڕوو دەکاتە شیعردانان و شاعیرێکی زۆر باشی لێ دەردەچێت... بێگومان مەستوورە و ڕەونەق لە شیعردانان و هۆنینەوەی مێژوودا بەهرەی زۆریان لەم وەرگرتووە. ماهشەرەفخانم بۆ دانانی مێژووەکەی سودی زۆری لە بیرەوەرییەکانی خوڕەم وەرگرتووە. هەر لە خێڵی وەزیریە، پورزای بابی مەستوورە، میرزا عەبدولباقی شەیدایە، کە شاعیرێکی باش بووە.(کۆمەڵێک توێژەر،٢٠٠٦: ٢٥)

## ٣:٢ ماڵباتی وەزیری و قادری و پێگەیان لە میرنشینی ئەردەڵاندا

### ١:٣:٢ ماڵباتی وەزیری

ماڵباتی وەزیری، کە بەپێی میرزا عەلی ئەکبەر و شێخ محەمەد مەردۆخ کوردستانی، یەکسەر دوای فەرمانڕەواکانی ئەردەڵان خانەوادەی وەزیری دێت، ڤاسیلییێڤا لەم بارەیەوە دەڵێت:"دامەزرێنەری ئەم خانەوادەیە خواجە ئیبراهیم کوڕی خواجە یوسف بەزاز ئەسفەهانی بووە، کە هەڵۆخان ساڵی ١٦١٣ لە ئەسفەهانەوە لەگەڵ خۆیدا هێنیایەوە بارەگای خۆی لە قەڵای حەسەناوا.... ".(ڤاسیلییەڤا،٢٠٠٩: ١٣٩-١٤٠)

خێزانی وەزیری دوو سەد ساڵێک پێش ئێستا هاتوونەتە سنە و پیاوەکانی پشتاوپشت پلەی وەزیریان وەرگرتووە، لەگەڵ بەسەرچوونی ڕۆژگاردا ئەم ماڵباتە بووەتە چەند لقێک، و زۆر پیاوی گەورەی تێدا هەڵکەوتووە، لەوانە: میرزا عەبدوڵا و میرزا ئەحمەد، کە لە پیاوە گەورەکانی سەردەمی خۆیدا بوون. میرزا عەبدوڵا، کە بلیمەتێکی گەورەی بەلاغە و ڕەوانبێژیی و جوانێتیی بوو، فەتحعەلی شای قاجار، وەک باڵویزی تایبەت ڕەوانەی ڕوسیای کرد، ساڵی ١٨١٩ لە سەردەمی محەمەد حەسەنخانی کوڕی ئەمانوڵڵا خانی گەورەدا لە شەڕێکدا کوژرا.(کردستانی،٢٠٠٣: ٢١٣)

لە دوا سەدەی فەرمانڕەوایەتیی ئەردەڵانییاندا ڕەوشی خانەوادەی وەزیری زێتر چەسپا... و چالاکترین بەشدارییان لە هەموو ئاڵوگۆڕە کۆتاییەکانی خەباتی سیاسییدا کردووە، ئەو ئاڵوگۆڕانەی، کە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم کوردستانی ئەردەڵانیان دەهەژاند".(ڤاسیلییەڤا،٢٠٠٩: ١٤٠-١٤١)

### ٢:٣:٢ماڵباتی قادری

تایەفەی کوردی قادری دەوروبەری ساڵی ١٧٠٠ز، لە سەردەمی شا سوڵتان حسێنی سەفەویی، دەرگەزێنی سەر بە هەمەدانیان بەجێهێشتووە و ڕوویان لە

کوردستان ناوە، بەشێکیان لە سنە گیرساونەتەوە و بەشەکەی تریان ڕوویان لە سلێمانی کردووە، کە ئەو دەمە هێشتا بنیاتنەنرابوو.(کۆمەڵێک توێژەر،٢٠٠٦: ٢٢)

دیارە بەپێی مونشی بەغدادیی بێت، وەک لە گەشتنامەکەیدا باس دەکات، ئەم خانەوادەیە بە زۆر شوێنی کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە و جگە لەو گەڕەکەی شاری سلێمانی و خانەقین، لە چەمچەماڵ و تەنانەت شاری بەغداش نیشتەجێ بوون، هەربۆیە دەڵێت:"دەرگەزێن لە چەمچەماڵەوە چوار فرسەخ و نیو(نزیکی ٢٢ کم) دوورە، لە دامێنی چیایەکدایە، داروباری نییە، زۆربەی دانیشتوانەکەی زانان لە دەرگەزێنی هەمەدانەوە هاتوون و نیشتەجێی ئەوێ بوون، ناوی دێکەیان بەو ناوە کۆنەیەوە ناوناوە".(مونشی بەغدادی،٢٠١٤: ٥٢)

شایانی باسە، کە کۆچی کوردانی هەمەدان بۆ باشوری کوردستانی ئەمڕۆ زۆر پێشتر بووە، لەوانە کۆچی نەوەکانی بابا عەلی هەمەدانیی بۆ ناوچەکە. بابا عەلی هەمەدانی، کە باپیرەی ساداتی بەرزنجەیە و بە زوهد، خواپەرستیی و پێگەی زانستیی ئایینی ناسراوە و ئیجازەی سۆفیگەرییدا لە سۆفیە گەورەکانی سەردەمی خۆی وەرگرتووە و دوای گەشتێکی دوورودرێژ بە وڵاتانی جیهانی ئیسلامییدا، بۆ هەمەدانی زێدی خۆی گەڕاوەتەوە و ساڵی ٦٧٠ کۆچی هەر لەوێ مردووە، لەدوای خۆی چەند کوڕێک بەجێماون، کە ناودارترینیان شێخ عیسا و شێخ موسا بوون، کە دوایی بۆ ناوچەی شارەزوور دەگوازنەوە و لە گوندی بەرزنجەدا نیشتەجێ دەبن.(عماد عبدالسلام رؤوف،٢٠١١: ١٢)

**٤:٢ خوسرەوخانی ناکام، والی و مێردی ماهشەرەفخانم**

خوسرەوخان، کە کەسێکی زۆر شۆخ و خۆش مەشرەب بوو، شیعری زۆر جوانی دەهۆنییەوە و خۆشنووسێکی بەتواناش بوو، موڵک و سامانی هێندە بەرفراوان بوو، تەنانەت لەناو تورک و دەیلەمیشدا ناوبانگی دەرکردبوو، بۆ دەست و دڵکراوەییش حاتەمی تەی پێ نەدەگەیشت. کاتێک ساڵی ١٨٢٨ لە کوردستاندا ئاگری قاتوقڕی و نەبوونی هەڵگیرسا، و نان بەرامبەر گیان بوو، خەڵکێکی زۆر لە پیاو و ئافرەت لە برسانا دەمردن، خوسرەوخان، کە خاوەنی ١٥٠ هەزار تەغار دەغڵودانی لە کۆگاکانیدا هەبوو، بڕیاری دا بەسەر خەڵکدا بەخشرێتەوە.(کردستانی،٢٠٠٢: ١٣٥-١٣٦)

ڕێچ لە سەردانەکەیدا بۆ شاری سنە، سەرنجی جیاوازی کۆمەڵایەتیی و چینایەتیی نێوان کوڕەکانی ئەمانوڵاخانی گەورەوە، بەهۆی بنەچەی دایکیانەوە داوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:"محەمەد حسێنخانی کوڕە گەورەی والی، کە دایکی لە خەڵکی ڕەشۆکیی و کچی پیاوێکی سەراڤی شارە، لە جێنشینیی میرنشینەکە بێ بەری کرابوو، درابوو بە محەمەد عەلی یان خوسرەوخانی برای دووەمی، کە دایکی ئەمیان لە دوای بنەماڵەی والی خۆی، لە ڕەسەنترین بنەماڵەکانی سنەیە، جگە لەوەی کە خۆشەویسترین کوڕی باوکیتی. لەسەر ئەمە لەنێوان ئەم دوو برایەدا ناکۆکی پەیدا بوو، باوکیان پشتگیری ئەمی دواییانی کردووە. محەمەد حسێن خانیش لەمە تووڕە بوو و هەنێ لە هەڵپەرستانیش ئەمەیان بۆ مەبەستی گەورەکردنی ناکۆکییەکە قۆستەوە و پەیمانیان داوەتی پشتگیری بکەن و تەفرەیان داوە لە سنە هەڵبێت. ئەویش چەند مانگێ لەمەوبەر، ژمارەیەکی زۆری لەوانە، کە هاوپەیمانی بوون و لەناویاندا خۆشەویست بووە، لەگەڵ خۆی بردووە و ڕێی نێوان کرماشان و بەغدای گرتۆتەبەر و بەدەم ڕێوە هەندێ لەو خێڵانەی داگیرکردووە کە سەر بە حکومەتی باوکی بوون و لە دەشتی نێوان بەغدا و خانەقیندا خەریکی مێگەل لەوەڕاندن بوون".(ڕێچ،٢٠١٢: ٢٠٦) سەبارەت بە خوسرەوخانیش، کە ئەو بە محەمەد عەلیش ناوی دەهێنێت. دەڵێت، کە "جێنشینی باوکیتی، لاوێکە، تەمەنی پازدە ساڵ دەبێ و پێشتر لەلایەن شاوە فەرمانی لە جێ دانیشتنی باوکی پێداوە و کچێکی شایشیان بۆ دیاری کردووە، کە لە نەورۆزی داهاتوودا بۆی دەگوێزنەوە و بەو بۆنەیەوە لە تارانیشدا ئاهەنگی گەورەی بۆ دەکەن".(ڕێچ،٢٠١٢: ٢٠٧)

حسێن قولیخانی برای خوسرەوخان لە سەردەمی باوکیدا فەرمانڕەوایی ئیسفەندئابادی پێ سپێردرابوو، سەرەرای هەموو ملکەچیی و گوێڕایەڵییەکی، دوای ماوەی ساڵێک، دەستی لە کارکێشایەوە و لای برد و فەرمانڕەوایی ناوچەکەی بە باباخانی مەراغەیی سپارد. حسێن قولیخانی بێچارەیش هیچی بۆ نەمایەوە، هەر ئەوەندەی بۆی لوا، هەرچی سەروەت و سامانێکی نەختینەی هەبوو پێچایەوە و بە قورئانێکەوە، بە هەڵەداوان چوو بۆ خزمەت خوسرەوخان، ڕایگەیاندێ: ئەوەی هەیەتی و نییەتی، هەر ئەمەیە و بەس، ئیتر هەڵی گرەو لە کۆڵم بەوە و ڕیسی ملم مەخە ژێر بیوری سەربڕەوە. ئیدی بەم شێوەیە، گیانی قوتارکرد.(مەستورەی کوردستانی،١٩٨٩: ١٩٩)

پێدەچێت، کە هۆکاری ناکۆکییەکان تەنیا ئەو جیاوازییە و ئەوەش نەبووبێت، کە وەک ماهشەرەفخانم بە پیلانی حسێن قولیخان دژ بە خوسرەخانی دادەنێت و دەڵێت:"لەکاتێکدا کە دەوڵەتی ڕووسیا پاسکۆڤیچی بۆ داگیرکردنی ئێران ڕاسپاردبوو و پاش چەند شەڕێکی گەرم، بڕێ ناوچەی لەسەر سنوورەکانی ئازەربایجان داگیرکرد، ئەکبەر بەگی کوڕی محەمەد زەمان بەگی وەکیل و چەند کەسێ لە خزمان و کەسوکاری بەرژەوەندی خۆیان لەوەدا دیت، حوسێن خانی والی زادەیش، کە تازە لە فەرمانڕەوایی ئەسفەندئاباد لێ خرابوو لەگەڵ خۆیاندا هاودەس بکەن، بەڵام ئەوانەی سەرپێچیان لە دژی دەکرد، چۆنێتی ڕووداوەکەیان یەکسەر لە والی ڕاگەیاند. لەبەر ئەوەی کە حسێن عەلیخان زۆربەی سامان و نەختینەکانی لەکن بنەماڵەی منی کەمینە دانابوو و ئێوبراو سەبارەت بەوە کە لە باوکەوە پورزایشم بوو، کاربەدەستانی والی بۆ باوکمیان تێ چاندبوو و لە داستانەکەوەیان وەردا و لە کارەکەیانەوە گلاند و ئەوەیان کرد بە بیانوو، ئەو سامان و نەختینەیەیش، کە هەمان بوو لێمانی داگیرکەن و ئەویش بخەنە سەر گەنجینە".(مەستورەی کوردستانی،١٩٨٩: ٢٠١) بەڵکو پەیوەندی بە کەسایەتیی بەزەبروزەنگی خوسرەخان و هەوڵدانی بۆ خۆ پاراستن بەرامبەر بە هەموو جۆرە هەڕەشەیەک بۆ سەر دەسەڵاتەکەی لەلایەن برا و کەسوکارە نزیکەکانییەوە، هەر بۆ نموونە مەستورە لەبارەی پەیوەندی خوسرەوخانی والی و بنەماڵەکەی خۆیەوە دەڵێت:"بەڵام لە بەرایی فەرمانڕەواییدا لەبەر کەم ئەزموونی، تووشی چەند هەڵەێ هات: باپیر و باوک و مامەکانی نووسیاری ئەم کتێبەی بەبێ تاوان کۆت و زنجیر کرد و زۆر بەبێ بەزەییانە و ڕەفتارێکی دزێوەوە سێ هەزار تمەنی بە ناوی باجەوە لێ ساندن. سەرئەنجام خودا کردی بەدنیهادی و دڵپیسیی بەدکارانی بۆ ئاشکرا بوو و لە دووی ناردن و بە خەڵاتی گرانبایی و شایان سەربەرزی کردن".(مەستورەی کوردستانی،١٩٨٩: ١٩٨-١٩٩)

ماهشەرەفخانم سەربارەی خۆشەویستی بۆ ماڵباتی ئەردەڵان و مێردەکەی خۆی، بەڵام چاوی لەو زوڵم زۆرە نەنوقاندووە، کە خوسرەوخان بەسەر باوک و مامی ئەم و براکانی خۆیشیدا هێناوەن و هیچیان نابوێر ناکا و ڕەفتاری چەوت و ناڵەباری مێردەکەی لەمەڕ سەرکوتی براکانییەوە بە وردی و بەگشتی باس دەکات.(کۆمەڵێک توێژەر،٢٠٠٦: ٦١) و لەم بارەیەوە دەڵێت:"زۆر بێ بەزەیی و بێڕەحمانە جووڵایەوە و هەر یەکەیانی بە جۆرێکی وا ئازار و ئەشکەنجە دا، کە لە کونجی سەرکزی دا فەرامۆش کران، تەنانەت یەکێ لەو برایانەی، کە عەباس قولیخانە و لە سەردەمی باوکیاندا پلە و پایەی جێگریی گرتووە، هەر پاش مردنی باوکی بە ماوەیەک لێ خرا و

کۆت و زنجیرکرا و لە زیندان هاوێژرا و لەگەڵ دایکی عەباس قولیخانیشدا هەر بەو بێ بەزەیی و ڕەفتارە ناهەنجارە دزێوە جوولایەوە و هەرچی دارایی و سـامانی هەبوو، دوور لە ڕەوشـتی بەرز و ئـاکاری گەورەیی، لێی داگیر کرد".(مەسـتورەی کوردستانی،١٩٨٩: ١٩٩)

هەرچەندە خوسرەوخان دوایی بە لێسەندنی بڕێک پارە و مارەکردنی ماهشەرەفخانم لێیان خۆش دەبێت و وەک ماهشەرەفخانم خۆی دەڵێت:"باوک و باپیرم بەر تووڕەیی خوسرەوخانی سێیەم کەوتن و ئیتر لەم ماوەیەدا ڕێکخستنی کاروباری ئیسفەندئاباد و بریکارێتی کوردسـتانی لەنوێوە دووبارە بە حسـێن قولیخان دایەوە".(مەسـتورەی کوردستانی،١٩٨٩: ١٩٩-٢٠٠)

پێدەچێت، کە لەپاڵ هەموو ئەو مەبەسـتە ئاشـکراکراو و تۆمەتانەی بۆ باپیر و باوک و مامەکانی ماهشـەرەفخانم و هەروەها حسـێن قولیخان دروسـتکرابوون، هۆکارێکی تریش لە ئارادا بووبێت. بە سـەرنجدان لە نووسراوەکانی مەسـتوورە، بۆمان دەردەکەوێت، کە ماهشـەرەفخانم ئەویندارى کەسـێکی تر بووە، کە ئەویش حسـێن قولیخـانی خزم و پوورزای خۆی بووە، بەڵام خوسرەوی ناکام ئەویش ناکام دەکات. تەنانەت باس لەوە دەکرێت، کە یەکێک لە هۆکارەکانی ڕێکخستنی ئەو دادگاییکردنەی کەسـوکاری ماهشـەرەفخانم بە سـەرۆکایەتی حسێن قولیخان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە خوسرەوخان ویستوویەتی بە تیرێک دوو نیشان بشکێنێت – لەلایەک لەو بنەماڵەیە بدات و ملکەچیان بکات؛ لەلاکەی ترەوە، ئاژاوە لەنێوان براکەی خۆی و خاڵوانیدا دروسـت بکات، بەو پێیەی حسـێن قولیخان خوشـکەزای ئەولحەسـەنی باوکی مەسـتوورە بووە، بەمەش حسـێنخانی لە ماهشـەرەفخانم دوور خسـتۆتەوە.(کۆمەڵێک توێژەر،٢٠٠٦: ٢٠)

ڤاسیلییڤاش لەم بارەیەوە، لە پێشەکی کتێبەکەی ماهشەرەفخانمدا بە زمانی ڕوسی، دەڵێت:"پێدەچێت ئەبولحەسەن بەگ ڕازی بووبێت، بەوەی کچە خۆشەویستەکەی خۆی لە حسـێن قولیخانی خوشـکەزا و پەروەردەکراوی بەردەسـتی خۆی و پوورزای مەستوورە مارە بکات، کە بە بەهرەی ئەدەبییش جیاکرابووەوە و لە هەمان تەمەنیشدا بوون".(Мах Шараф ханум. Курдистани,1990:20)

بەگوێرەی نووسراوەکانی میرزا عەلی ئەکبەر، کاتێ خوسرەوخـان دەیەوێـت مەستوورە بخوازێت، مەستوورە بەو کارە ڕازی نابێت. میرزا دەنووسێت:"مەستوورە کە لە هەموو بارێکەوە خۆی وەکو پیاو دەزانی، نەیدەویسـت ئەو مێرکردنە قبووڵ بکات، تا ئەوەی کە خوسرەوخـان بەبیـانووی جۆربەجۆر باپیری بەڕێزی و باوکی هێژای مەستوورەی خستە بەندەوە، بێجگە لەوەش پەنجا هەزار تمەنی لێیان وەرگرت. بەڵام مەرجی ڕزگـاربوونیـان لە بەنـدیخانە بەوە دانا، کە ئەو کیژەی بۆ مـارە بکەن. (کۆمەڵێک توێژەر،٢٠٠٦: ١٩)

ئەم هاوسـەرێتییە، کە سـاڵی ١٨٢٨-١٨٢٩ ئەنجام درا،(کۆمەڵێک توێژەر،٢٠٠٦: ٣١) چەند سـاڵێکی خایاند، تا ئەو کاتەی سـاڵی ١٨٣٤ نەخۆشی لاڕەشـە(تاعون) لە شـاری سـنە بڵاوبووەوە، ئەردەڵانییەکان لە ترسـاندا پەرشـوبڵاو بوونەوە، بەڵام خوسرەوخانی والی لە دووری هەزار پێوە لە سنە ڕەشماڵی هەڵدا، لە مانگی ڕەبیعول ئەوەلی ئەو سـاڵەدا، دوای هەفتەیەک لە نەخۆشی، خوسرەوخان لە تەمەنێکی زۆر لاوییدا، تەنیا ٢٩ ساڵان بوو، دوای ئەوەی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ حوکمی کرد، کۆچی دوایی کرد و لە ژنی یەکەمی، کە کچی شـای ئێران بوو، ٣ کوڕ و ٣ کچی لەدوا بەجێها.(کردستانی،٢٠٠٢: ١٣٦)

ماهشەرەفخانم خۆی سەبارەت بە کۆچی دوایی خوسرەوخانی مێردی و کاریگەریی مردنەکەی لەسـەری بەم شـێوەیە دەدوێت:"لە دوادوای مانگی زولحەجەی سـاڵی ١٢٤٩ ک. دا، ئەو سۆمای چاوی شان و شکۆ تووشی نەخۆشی جەرگ بوو زۆر بە تەنگ خۆیەوە نەهات و نەخۆشـییەکەی تەشـەنەی دەکرد، منیش ئەم کەمینەیە کە شەرەفی هاوسەریم لەگەڵیدا هەبوو، شەوەڕۆژ بە سەرپەرشتی ئەندەروون سەر بڵند بووم، بۆ ماوەی دوو مانگی خشت، سەبارەت بەوە کە شەونخونییەکی زۆرم دەکێشا و هەمیشـە چاوەڕێ بووم، خەوێکی ڕەحەتی نەچووە چاوم، پاشـان، ئەوەی لێی دەترسام، بە سەرمدا هات".(مەستورەی کوردستانی،١٩٨٩: ٢٠٣) ئیتر زۆر بەسەر ئەم کۆسـتە قورسـەی ماهشـەرەفخانمدا تێناپەڕێت و خۆیشی نەخۆش دەکەوێت، وەک خۆیشـی لەدوا ڕسـتەی کتێبەکەیدا دەڵێت:"منی مەسـتوورەی سـەرلێشـێواو و دەربەدەریش لە دووری لێکدابڕانی ئەو گیانە ئازیزەم دووسێ ڕۆژێکە لەش و ڕوحم بە بەڵای تای نەخۆشـییەوە دەتلێتەوە. بزانین خودا چیمان بەسـەردێنێ و ئارەزووی بەچییە".(مەستورەی کوردستانی،١٩٨٩: ٢٣٨)

لە دوای مردنی خوسرەوخـان، کوڕە گەورەکەی، کە ناوی ڕەزا قولیخـان بوو دەسەڵاتی گرتەدەست، والی نوێ، کە کوڕی حوسن جیهانخانم، ناسراو بە والیە، کچی فەتحعەلی شـای قاجاری بوو، لەبەر ئەوەی تەنیا دە سـاڵان بوو، والیەی دایکی جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست.(کردستانی،٢٠٠٢: ١٣٧)

## ٥:٢ دەستوەردانی قاجارەکان لە کاروباری ناوخۆی ئەردەڵان و بەشیعەکردنی ئەردەڵان

پەیوەسـتبوون و بوون بە بەشـێک لە قەڵەمڕەویی ئێران، لە کۆتایی دەسـەڵاتی هەڵۆخان و سـەردەمی خان ئەحمەدخانی کوڕیەوە دەست پێ دەکات، هەرچەندە خان ئەحمەدخان دواتر لە دەوڵەتی ئێران هەڵدەگەڕێتەوە دەداتە پاڵ عوسمانییەکانەوە و ساڵی ١٦٣٦ هەر لەژێر دەسـەڵاتی عوسمانییەکاندا لە شـاری موسـڵ دەمرێت. بەڵام ئیتر هەر لەو کاتەوە ململانێی نێوان عوسـمانی و ئێران لەسـەر شـارەزوور و میرنشـینی ئەردەڵان بەرەو یەکلاکردنەوە دەچێت و سـاڵی ١٦٣٩ لە پەیمانی زەهاودا، بە فەرمی ئەو ناوچەیە دابەش دەکرێت و سنوری ئەردەڵان بۆ بەری ڕۆژهەڵاتی سنوری نێوان هەردوو دەوڵەت دەگوێزرێتەوە و دانان و لابردنی میرەکانی ئەردەڵان، بە پلەی والی دەکەوێتە دەستی شاکانی ئێرانەوە.

هەرچەندە ئەمەش ڕێگەی لە میرانی بابان نەگرت تا چاو لە خاکی نوێی ئەردەڵان لە بندەسـتی ئێراندا نەبڕن. سـلێمان بەبە دوای ئەوەی تێکشـکاندنی هێزەکانی دلاوەر پاشـای والی کەرکوکی و و دەسـتبەسـەر گوندەوارەکانی کەرکوک، دەسـتی بە فراوانخوازیی بەرەو ڕۆژهەڵات کرد و سـنوورەکانی عوسـمانیی – ئێرانی تێپەڕاند، کە بەپێی پەیمانی زەهاوی ١٦٣٩ بڕیاری لێدرابوو، ئەوکاتە دەسـتی بەسـەر ناوچەکانی میرنشـینی ئەردەڵاندا گرت. هەرچەندە دواتر فەرمان بۆ والی بەغداد و والی دیاربەکر و والی حەڵەب دەرچوو، تا بەهاوبەشـیی لەشـکرکێشـیی بکەنە سـەری. لە ئاکامدا ئەو سـوپایانە سـاڵی ١٦٩٩ سـوپاکەی سـلێمان بەبەیان تێکشـکاند.(عماد عبدالسلام رؤوف،٢٠١١: ١٣٠)

ئیتر لەو کاتەوە دەسـتوەردانی ڕاسـتەوخۆی شـاکانی ئێران لە کاروباری ئەردەڵاندا دەستی پێ کرد و تەنانەت هەندێک جار کەسانێکیشیان بە میر دادەنا، کە نەک هەر لە مـاڵبـاتی ئەردەڵان نەبوون، بەڵکو کوردیش نەبوون و شـیعە مەزەبیش بوون، نموونەی تەیمور خانی ئاجر لوئی، کە دوای شـەش سـاڵ لە فەرمانڕەوایی، سـاڵی ١٦٨٧ لە سـەر تەخت لابرا، یاخود محەمەدخانی گورجی، کە سونی بوو و بەهۆی زێدەڕەوی لە دژایەتیکردنی مەزەبی شیعەدا، بە فەرمانی شا سوڵتان حسێن، ساڵی ١٧٠١ دوای ٣ ساڵ حوکمکردن، لەسەر تەختی میرێتی لابرا.(کردستانی،٢٠٠٢: ١١٠-١١١)

دەستوەردانی دەسەڵاتدارانی قاجار، هەروەک پێشتریش سەفەویی، لە کاروباری میرنشینی ئەردەڵاندان لە قۆناغی کۆتایی میرنشینی ئەردەڵان، لە ڕێگەی ژنوژنخوازییەوە لە یەکلاکردنەوەی ململانێکانی ناو دەسەڵات شتێکی نوێ نەبووە و بگرە لەناو دەرباری شادا، هەر لە سەردەمانێکی زووەوە و لە کۆتاییەکانی سەدەی شانزەیەمەوە هەبووە، هەر بۆ نموونە وەک د. بەدیع محەمەد جومعە دەڵێت:"دەوری خانمەکانی بنەماڵەی سەفەوی لەسەر شانۆی ڕووداوەکان، بەرامبەر کەسێتی بێهێزی شای نوێ دەرکەوت. پەریخان خانمی خوشکی، کە لە کوشتنی ئیسماعیلی دووەمی برایدا بەشداری قزڵباشەکانی کرد، ویستی ببێ بە گەورەترین کەسێتی لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناو بنەماڵەی سەفەوی و برای تەنیا وەکو ڕووکارێک بێ ئەو لە پەنا بشارێتەوە، بەڵام مەهد عولیای ژنی محەمەد خودابەندە ئەمەی پێ خۆش نەبوو. ویستی گەورەترین کەسێتی خۆی بێ، نەک دشەکەی. ئیتر ئەم دووانە ململانێیەکی کوشندەیان کەوتە بەین، بە کوژرانی هەردووکیان کۆتایی هات".(جومعە،٢٠١٥: ١٧)

هەرچەندە وەک مینۆرسکی دەڵێت:"ئەو کوردانەی باشووری ڕۆژهەڵات، لە ڕووی زمان و تەنانەت ئایینیشدا (شیعە، عەلی ئەڵلایی) لەگەڵ ئەو جەماوەرە هاوڕەگەزەی خۆیاندا جیاوازن، ئەگەرچی ئەوە دەزانن، کە لەگەڵ ئەواندا یەک میللەتن"،(Минорский.1915: 2-3؛ مینۆرسکی،١٩٨٤: ٣٤) بەڵام ئەمە ئەگەر بۆ کوردانی لوڕستان و کرماشان ڕاست بێت، ڕەنگە بۆ کوردانی ئەردەڵان بەتایبەتی بۆ چەند سەدەیەک پێش ئێستا ڕاست نەبووبێت و ڕاستره بووترێت، کە سەرەتای پرۆسەی بەشیعەکردن و دەستخستنەناو کاروباری ناوخۆیی لە میرنشینی ئەردەڵاندا "لە خان ئەحمەد خان(١٦٠٦- ١٦٣٦ز)ی کوڕی هەڵۆخان کوڕی سوڵتان عەلی بەگەوە دەستی پێکردووە، کە جگە لەوەی مەزهەبی شیعەی پەسەندکرد و بووە شیعە، هاوکات سەیدە بەگمی کچی شا عەباسی سەفەوی خواست. (کۆمەڵێک توێژەر،٢٠٠٦: ٩) بەڵام دواتر و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار، لە سەردەمی شا عەباس(١٥٨٧-١٦٢٩) بە دواوەوە، هەندێ لە میران و دەسەڵاتدارانی ئەردەڵان، بۆ دڵنەوایی دەوڵەتی سەفەویی و دواتریش بۆ دڵنەوایی دەوڵەتی قاجاری، خۆیان و هەندێ لە دەستوپێوەندییان دەبوونە شیعە مەزهەب و هەندێ جاریش ژن و ژنخوازییشیان لەگەڵ بنەماڵەکانی هەردوو دەرباردا دەکرد. (کۆمەڵێک توێژەر،٢٠٠٦: ٨٤) ئەم پرۆسەیە هەرچەندە لە سەرەتادا ڕەنگە بۆ خۆپاراستن لە هێرش و پەلاماری دەسەڵاتدارانی ئێران بووبێت، بەڵام لە ئاکاندا، هەروەک محەمەد ڕەئوف تەوەکولی لە پێشەکی"حەدیقەی ناسرییە"ی میرزا عەلی ئەکبەردا دەڵێت:"لە کۆتایی سییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا ئەردەڵان، هەرچەندە فەرمانڕەوا و والی سەر بە بنەماڵەی ئەردەڵانییەکان حوکمیان کردووە، بەڵام بەتەواوەتی تێکەڵی سیستەمی دەسەڵاتی ئێران ببوو و لەژێر ڕکێفی شاکانی ئێراندا بوو، بێجگە لەمە، پرۆسەی بەشیعەکردنی کوردی سوننی دەستی پێکردبوو، ئەویش دوای ئەوەی والی ئەردەڵان کچی فەتحعەلی پاشای مارەکرد، ئەم پرۆسەیە لە ڕۆژئاوای ئێراندا پەرەی سەند".(کردستانی،٢٠٠٢: ٥)

ساڵی ١٨١٤ شای قاجاری کچێکی لە حەرەمخانەکەی خۆی بە ناوی سەروناز خانم لەگەڵ ١٠ هەزار تومەندا بۆ ئەمانوڵاخان ڕەوانەکرد. .. لەسەر داوای ئەمانوڵاخانیش، شا ڕازی بوو حوسن جیهانخانمی کچی بە خوسرەوخانی کوڕە بچکۆلەی ئەمانوڵلا خان بدات.(کردستانی،٢٠٠٢: ١٣٢ -١٣٣)

دوای مردنی خوسرەوخان، تەمەنی ڕەزا قولیخانی کوڕە گەورەی خوسرەوخان و کچە شازادەی قاجار، یانزە ساڵان بوو، بۆیە جڵەوی فەرمانڕەوایی کەوتە دەستی حوسن جیهانەوە، کە بیستویەکەمین کچی فەتحعەلی شاخان لە ژنی چلوسێیەمی بوو، و لە ئەردەڵان بە والییە خانم ناوبانگی دەرکردبوو. حەوت ساڵ تا کوڕەکەی گەورە بوو، والی کوردستانی سنە بوو.(کۆمەڵێک نووسەر،٢٠٠٨: ٥٠؛ کردستانی،٢٠٠٢: ١٣٧) دیسانیش توبا خانمی کچی عەباس میرزایان بۆ ڕەزا قولیخانی کوڕە گەورەی خوسرەوخانی ناکام خواستووە".(کۆمەڵێک توێژەر،٢٠٠٦: ٩٠)

حوسن جیهان، کە جگە لە ڕەزا قولیخان، دایکی غوڵام شاخانیش بوو، گۆڕانکاریی لە بارودۆخی ناوماڵباتی ئەردەڵان کرد و تەنانەت لە مەزهەبی باو و کۆنی سوننیی ئەردەڵانییەکانەوە دەیانکات بە جەعفەری و بەتایبەتی غوڵام شاخان بە تەواوی دەبێت بە جەعفەری، بەڵام ڕەزا قولیخان لەسەر ڕێوشوێنی سوننەیەتی ماوەتەوە، چەند جار بەهۆی ناحەزیکردنیانەوە لەگەڵ یەکتر و پەنابردن بە حوکمڕانانی تاران، لە حوکمڕانی ئەردەڵان لابراون و لەسەری دانراونەتەوە. سەرەنجام حوکمڕانیی بۆ غوڵام شاخان جێگیر بووە و لەسەری ماوەتەوە تا کۆچی دوایی کردووە.(مودەڕیس،ب٢٠١١،٢: ٣١٩- ٣٢٠)

ئەم هەڵگەڕانەوەیە لە مەزهەبی سوننە و هەوڵدان بۆ سەپاندنی مەزهەبی شیعە بەسەر خەڵکی ئەردەڵاندا، و هەروەها ئەو ململانێ مەزهەبییە توندەی نێوان زانایانی ئایینی کورد لە سنە، کە لەسەر مەزهەبی شافعیی بوون، لەگەڵ ئەوانەی کە دەیانویست مەزهەبی شیعی بڵاوبکەنەوە، وای لە مەلایان و پیاوماقووڵانی سنە کرد، وەک مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەڵێت:"ساڵی ١٢٧١ک.(١٨٥٤ز.) داوا لە شێخ عوسمانی سیراجودین بکەن، یەکێ لە کوڕەکانی لەگەڵ مەولەوی شاعیر و مەلا ئەحمەدی نۆدشەیی بۆ لای ئەمانوڵلا خانی والیی کوڕی خوسرەوخانی ئەردەڵان بنێرێت تاوەکو غوڵام شاخان ئامۆژگاریی بکەن، بەڵکو لە بیروباوەڕی شیعەیەتی پەشیمان ببێتەوە و بێتەوە سەر ئایینی خەڵکی کوردستان و ئەگەر هەر وازیش نەهێنێ، هیچ نەبێ واز لەوە بێنێت، کە حاجی کەریمخانی موجتەهیدی هەمەدانی بێنێ بۆ سنە و بە زۆر بەسەر خەڵکەکەیدا بسەپێنێ تا شیعەیەتی لەناویاندا بڵاو بکاتەوە.(مودەڕیس،ب٢٠١١،٢: ٣٠٣ -٣٠٤)

بەڵام غوڵام شاخانی والی هیچ گوێی بەو ئامۆژگاریی و دواکارییانەی ناودارانی کورد و خەڵکەکە نەداوە و لە ئەنجامدا بەهۆی ئەمە و هەروەها بەهۆی ئاژاوەگێڕیی حکوومەتی قاجاری و دەستێوەردانی لە کاروباری ئایینی دانیشتوانی ئەردەڵاندا، هەرایەک لە سنە دەقەومێ و گەلێ کەسی تیا دەکوژرێ، ژیانی گەلێک کەسیشی تیا دەکەوێتە مەترسییەوە. هەر لە ئەنجامی ئەو ڕووداوەدا، شێخ عەبدولقادری موهاجیر و شێخ نەسیمی برای سنە بەجێ دەهێڵن و ڕوو دەکەنە هەورامانی تەخت و پاش چەند ڕۆژێ لەوێشەوە بۆ سلێمانی دەڕۆن. شێخ عەبدولقادر لە سلێمانی لە مزگەوتی(عەلی نیزامی) دادەمەزرێت و شێخ نەسیمی برایشی لە خورماڵ.(مودەڕیس،ب٢٠١١،١: ٣٢٩)

## ٦:٢ پێگەی ئافرەت و بوونی حەرەم لەناو میرنشینی ئەردەڵاندا

هەرچەندە بە درێژایی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد نموونەیەک لەسەر بوونی حەرەمسەرا و حەریم نییە و گەلی کورد، بە گەواهی زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسان و کوردناسان، ڕێزێکی تایبەتی لە ئافرەت گرتووە، هەروەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێت: گەڕیدەی ئەڵمانیی کارستێن نیبوور، کە لە خزمەتی میرنشینی دانیمارکیدا کاری کردووە، ساڵی ١٧٦١-١٧٦٥ لەگەڵ شاندێکی زانستیی، کە لە هاووڵاتی جۆراوجۆر، لەوانە سویدییش پێکهاتبوون، گەشتێک بۆ ڕۆژهەڵات بە کوردستانیشەوە دەکەن، هەرچەندە زانیاری زۆر لەسەر کوردستان ناخاتە بەردەست، بەڵام لەبارەی ڕێزگرتنی ئافرەت لەلایەن کوردەوە، جیاواز لە میللەتانی تر دەڵێت:"لەوەتی هاتوومەتە وڵاتانی ڕۆژهەڵات، ئەمە یەکەمین جارە ژنێک ببینم و لە دەشتاییدا بە تەنیا نوێژ بکات،

چونکە لە شوێنەکانی تردا ژنان نابێت بچنە دەرەوە و هەر لە ماڵەوە دەبن".(نیبوور،٢٠١٣: ٢٣ و ١٢٥)

نیکیتینیش لەبارەی پێگەی ئافرەت لەلای کورد، دەڵێت:"کورد هەروەها بە نەشکاندنی پەیمان و سۆزی جوامێرانە بەرامبەر خزم و کەس و ڕەفتاری مرۆڤدۆستانە بەرامبەر بە ئافرەت زیا لە هەموو مسڵمانانی تر ناسراوە".(نیکیتین،٢٠٠٦: ١٤٠)

بەڵام دیارە بە کاریگەریی کولتووری گەلانی تری ڕۆژهەڵات و داگیرکەرانی کوردستان و وەک ئاماژەیەک بۆ کاریگەریی کولتووری ئێرانی سەفەویی - قاجاریی لەسەر کورد و بەتایبەتییش ڕۆژهەڵات، وردەوردە سەرەتای ئەو کولتوورە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا لەناو کوردانی ئەردەڵاندا دەرکەوتووە، هەر وەکو ڕیچیش سەرنجی داوە و لە گەشتنامەکەیدا بەڵگە لەسەر ئازایەتی و ڕەوشتبەرزی ئافرەتی کورد دەهێنێتەوە و نموونەی نۆکەرێکی فەیزوڵڵا فەنیی دەهێنێتەوە، کە لە بەرگی پیاوانەدا خزمەتی ئەم و هاوڕێکانی کردووە و هەروەها دەڵێت:"پلەوپایەی ئافرەت لە کوردستاندا زۆر لە پلەوپایەی ئافرەتی تورکیا و ئێران بەرزترە، مەبەستم لەمەش ئەوەیە، کە مێردەکانیان بە چاوێکی یەکسانیی بۆیان دەنواڕن و گاڵتە بە دەستەپاچەیی و چۆکدادانی تورک دەکەن و لەم ڕووەوە ڕقیشیان لێیان دەبێتەوە".(ڕیچ،٢٠١٢: ٢٧٠) هەرچی ڤاسیلییڤایشە لە بارەی بوونی حەرەمخانە و حەریمیشەوە دەڵێت:"سیمایەکی تایبەتیی ژیانی کۆشکی ئەردەڵانی ئەوە بوو، کە لەنێو لیستی ناوی پلەداران، ئەوانەی لەلایەن مێژوونووسانی ئەردەڵانییەوە باسکراون، ناوی خەساوەکان نییە، ئەوانەی دەورێکی بایەخداریان لەناو کۆشکی ئێرانی و سوڵتانی عوسمانییدا هەیە. لەلای بابانەکان، وەکو دواتریش باس دەکرێ، حەرەم ئاغاسی(بەرپرسیاری ژنانی کۆشک) هەبوو. ئەوەی کە ڕیچ گەلێکی پێ سەیر بوو، ئەو کەسە زەلامێکی گەورەی ڕیشدار بووە".(ڕیچ،٢٠١٢: ٢٧٠) ئەم پلەیە بریتی بوو تەنیا لە فەرمانداریەتێکی ڕێزدار و بێ کار، تاقە ئاماژەیەک بۆ هەبوونی پلەیەکی لەم بابەتە لە کۆشکی ئەردەڵانیدا لە کرۆنیکای ماهشەرەفخانم کوردستانییدا هەیە، دانەری کرۆنیکا خۆی، کە ئەوساکە ببوو بە خێزانی خوسرەوخانی ناکام بۆ پلەی وەزیری ئەندەروون(کاروباری ژنانی کۆشک) "بەرزکرایەوە".(ڤاسیلییەڤا،٢٠٠٩: ١٤٩ -١٥٠)

بەڵام دواتر، هەژموونی دەرباری شایی قاجار، لە ڕێگەی ژنوژنخوازییەوە، کاریگەریی لەسەر ئەو کولتوورە یەکسانیخوازییەی کورد بەرامبەر ئافرەت دروستکردووە، هەر بۆیە لە ساڵانێکی نزیکتردا سەرەتاکەی دەردەکەوێت و هەروەک توێژەرێکی بەشداربووی کۆڕبەندی (بیرئانینی مەستوورەی کوردستانی) دەڵێت:"جیا لەمانە بە واتەی(الناس علی دین ملکوهم) وەکو خەزوری، کە شای قاجاری ئێران بوو، حەرەمسەرایشی هەبووە".(کۆمەڵێک توێژەر،٢٠٠٦: ٣٢)

### ٧:٢ تێکچوونی بارودۆخی ئەردەڵان و گواستنەوە بۆ ناو قەڵەمڕەوی بابان

سەرباری ئەو کێشە ناوخۆییانەی، دوای مردنی خوسرەوخانی ناکام لەناو ماڵباتی والییەکانی ئەردەڵان، وەک دەستوەردانی حوسن جیهانخانم و پرۆسەی بەشیعەکردن و دروستبوونی نارەزایی لەناو خەڵکدا ڕوویان دا، کۆمەڵێک کێشەی تریش ڕووی لە پێگە و دەسەڵاتی ماڵباتی ئەردەڵان و خودی میرنشینیەکەش کرد و وەک ماهشەرەفخانمیش دەڵێت:"هەر کە دەنگی مەرگی والی خودالێخۆشبوو، خوسرەوخان بڵاوبووەوە، ئەردەشیر میرزا، برای محەمەد میرزا، کوڕی عەباس میرزای قاجار بای داگیرکردنی کوردستانی بە لووتەوە چوو، لەشکری خۆی خڕکردەوە و لە گەڕووسەوە، بە نیازی داگیرکردنی سنەوە بەڕێ کەوت. لەم سەرێشەوە، شازادەی ئازاد، حوسن جیهانخانم، کە هێشتا تۆزی خەم و پەژارەی کۆستکەوتوویی نەستبوو، نەیکردە نامەردی، یەکسەر لەشکری ئەردەڵانی کۆکردەوە، بە تۆپخانە و زەمبوورەکخانە و چەک و جبەخانەییەکی گەورە و گرانەوە، لەگەڵ حەوت هەشت هەزار کەسێکدا هاتە بەر مەیدانی ئەردەشیر میرزا لە زاغە و ئاقبلاق بەرامبەر یەکتر خێوەتیان هەڵدا و بڕیاری شەڕیان دا. بەڵام کاتێک ئەردەشیر ئەو گیانبازیی و ئامادەسازییەی ئەردەڵانییەکانی بینی، داوای ناوبژیوانیی کرد و لە ئاکامدا"ئەردەشیر میرزایش خانمی خانمانی، کە کیژە گەورەی خوسرەوخانە و پێشتر باسمان کرد، خواست و ئەم کارە بوو بە مایەی ئاستی و دۆستایەتی".(مەستورەی کوردستانی،١٩٨٩: ٢٠٥)

ئیتر دوای ئەمە، ڕەزا قولیخان بۆ ماوەی دوو ساڵ بە شکۆ و سەربەرزییەوە حوکمی ئەردەڵانی کرد، تا ئەو کاتەی ئەمانوڵاخانی برا بچوک، غوڵام شاخان، لەسەر تەخت لایبرد. غوڵام شاخان دوای گەیشتنی بۆ ئەردەڵان، زۆر هەوڵی ئازاردانی لایەنگرانی ڕەزا قولیخان زۆر بە توندیی دەدا، هەروەها ئەمانوڵا بەگی وەکیلیشی کوشت، کە گەورەی خزمەتکارانی ڕەزا قولیخان بوو، هەرچی ئەوانی تریش بوو بەرەو سلێمانی هەڵهاتن، پرسی ڕاگواستنی توبا خانمیش لە سنەوە بۆ ئەسفەندئاباد لەلایەن دەوڵەتەوە بە میرزا ڕەحەم خان سپێردرا.(کردستانی،٢٠٠٢: ١٤٠)

زۆر بەسەر حوکمڕانیی غوڵام شاخاندا تێنەپەڕی و، ڕەزا قولیخان وەک والی بۆ ئەردەڵان ڕەوانەکرایەوە، دوای ئەوەی پێنج مانگ کەنارگیر کرا، ڕەزا قولیخان یەکسەر ئەوانەی دەستگیرکرد، کە دەستیان لە کوشتنی ئەمانوڵا بەگی وەکیلدا هەبوو، لەوانە جەعفەر قولیخانی ئەردەڵانی و میرزا ئیسماعیلی دارۆغا و میرزا ئیبراهیمی مونشی، لەگەڵ هەر یەکە لەوانە سیاسەتێکی جیاواز وەبەرگیرا. ڕەزا قولیخان چەند ساڵێک بە ڕاوێژ و پرسوڕای والیە بە جوانترین شێوە ئەرکی حوکمداریی جێبەجێ دەکرد،(کردستانی،٢٠٠٢: ١٣٨) والی دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ، ناحەزانی ڕەزا قولیخان لە دەرباری شا تۆمەتی هاوپەیمانێتییان لەگەڵ بەهمەن میرزای برای شا دروستکرد، کە ئەو کاتە فەرمانڕەوای ئازەربایجان بوو. دوای ئەمە هەردووکیان گیران و فڕێدرانە زیندانەوە.

کاتێک وەزیر میرزا هیدایەتوڵا گەیشتەوە کوردستان، فەرمانی کرد عەباس قولیخانی مامی ڕەزا قولیخان دەسەڵات بگرێتە دەست، دوای سێ مانگ لابرا و لە جێگەی ئەو، محەمەد سادقخانی برا گەورەی عەباس قولیخان دانرا. بەڵام ساڵی ١٨٤٤ ڕەزا قولیخان دیسانەوە چووەوە سەرتەختی دەسەڵات لە کوردستان، ئینجا توبا خانمی ژنی، کە خوشکی محەمەد شای قاجار بوو، لەگەڵ ئەمانوڵاخانی وەکیل و ژمارەیەک لە پیاوماقوڵانی کوردستانی بۆ کوردستان نارد، خۆیشی دوای چوار مانگ گەڕایەوە.(کردستانی،٢٠٠٢: ١٣٨-١٣٩)

ماهشەرەفخانم لەبارەی کۆتایی میرنشینی ئەردەڵان، لە ئەنجامی لاساریی و لووتبەرزیی ڕەزا قولیخان و تێکچوونی شیرازەی میرنشینیەکە، دوای مەرگی خوسرەوخان و دەستێوەردانی حوسن جیهانی ژنی یەکەمی خوسرەوخان لە کاروباری میرنشینیەکە و ناکۆکیی نێوان دوو کوڕەکەیان، ڕەزا قولیخان و غوڵام شاخان لەسەر دەسەڵاتی میرایەتی گرتنەدەست دەدوێت، و بە دووربینیەکی هۆشیارانەوە ڕووداوەکان تاوتوێ دەکات، دەگاتە ئەو ئەنجامەی لە مێژووەکەیدا، هەرچەندە دەڵێت:"بەڵام والی لەبەر ئەوەی لە ڕەوشت و ئاکاریدا زۆر لووتبەرز بوو و کاربەدەست و ڕاوێژکارانیشی لە دووربینی و لێکدانەوەی کار دوور بوون، هیچ یەکێ لەم داخوازیانەی شایان بەجێ نەگەیاند و ئیدی نەختە نەختە ئەم سەربزێوی و سەرسەختی و گوێنەدانە بوو بەهۆی ئەوەی شا پشتیان تێ کا و ڕوویان لێ وەرگێڕێ و گوێیان ڕاکێشێ؛ تەنانەت دەتوانین بڵێین:"شا هاتە سەر ئەو بڕیارەی کە بناغەی ئەم بنەماڵەیە تێک دا و داری

بەسەر بەردیەوە نەهێڵێ".(مەستوورەی ئەردەڵان، ١٩٨٩: ٢٣١؛ کۆمەڵێک توێژەر،٢٠٠٦: ٨٦)

محەمەد شای قاجار، دوای هێرشەکەی عەبدوڵا پاشای بابان بۆ سەر میرنشینی ئەردەڵان و بەیەکدادانی هەردوولا لە مەریوان، هاوکات لەولاشەوە لە ئێران، لەسەر تێکشکانەکەی ڕەزا قولیخان لە دەشتی مەریوان، بیانووی لابردن و هەڵتەکاندنی میرنشینی ئەردەڵان، چنگ کەوت و دوای زنجیرەیەک ئاڵوگۆڕ بڕیاریان دا، خوسرەوخانی گورجی، وەک فەرمانڕەوای ڕاستەوخۆی قاجاری بۆ سنە بنێرن.(کۆمەڵێک توێژەر،٢٠٠٦: ٨٨)

کاتێکیش خوسرەوخانی گورجی(ئەرمەنی) گەیشتە ناوچەی کوردستان و بە بەڵێن و سوێندی فراوان ڕەزا قولیخانی هەڵفریواند و بەلای خۆیدا ڕاکێشا، محەمەد سوڵتانخان و سەرلەبەری پیاوماقووڵانی ویلایەتی ئەردەڵان ماڵ و ژن و منداڵی والی و زۆربەی خەڵکی ئەردەڵانیان بەرەو هەورامان کۆچ دا و لەو کاتەدا من، نووسیاری ئەم دێڕانە یەکێ لەو کۆچکردووانە بووم. هەر کە گەیشتنە شوێنێ کە ناوی هۆشبارانییە، حەسەن سوڵتانی هەورامی بە پیری کۆچکردووانەوە هات و بەشێوەیەک کە شایانی پلەوپایەیان بێ ڕێوڕەسمی پێشوازلێکردنیانی بەجێهێنا.(مەستورەی کوردستانی،١٩٨٩: ٢٣٦)

ماوەیەک لەوێ مانەوە و ئینجا بەڕێ کەوتن تا گەیشتنە گوندی سەرگەتی سەر بە بیارە و لەوێوە محەمەد سوڵتان و میرزا عەبدوڵلای مونشیباشی بۆ سلێمانی چوون و بە خزمەت عەبدوڵلا پاشای بابان گەیشتن و ڕێ و ڕەسمی پێشوازلێکردنیانی بەجێگەیاند و پیاوماقووڵێکی لەتەکیاندا بۆ ناوچەی شارەزوور نارد، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە بەسەر گوندەکانی شارەزووردا ببەشرێنەوە و دابین کرێن".(مەستورەی کوردستانی،١٩٨٩: ٢٣١)

هەرچی حسێن قولیخانی مامی ئەمانوڵلاخانیشە، کە وەک ماهشەرەفخانم دەڵێت:"بە فەرمانی نەواب ئەمانوڵلاخان پاراستنی کەوشەن و بوومی ڕەوانسەری پێ سپێردرابوو، بەدەست خەڵکی ئەو ناوچەیە تالانکرا و دەستدرێژییەکی زۆری لێکرا. هیچ شەرمێکیان لە خودا و لەو بنەماڵە بەرزە نەکرد. ئەویش بە ناچار لەگەڵ دوو سێ کەسێکدا گیانی خۆی بە هەزار شەڕەشەق ڕزگارکرد و سا بە هەر جۆرێ بوو، لە ڕێی ئەفشارەوە خۆی گەیاندە سلێمانی و خزایە پاڵ عەبدوڵلا پاشای بابانەوە".(مەستورەی کوردستانی،١٩٨٩: ٢٢٩) حسێن قولیخان دوای ئەوەی لە پایتەختی میرنشینی باباندا گیرسایەوە و بەوپەڕی ڕێزەوە پێشوازی لێکرا، لەگەڵ ئەوەشدا، کە حسێن قولیخان پێشتر داڵدەی ئەحمەد پاشای دابوو، کاتێک لە بەهاری ساڵی ١٨٤٥دا دوای شکستی بەرامبەر بە عەبدوڵا پاشای برای و هەڵهاتنی بۆ ئەردەڵان و مانەوەی لە گوندی تیلەکۆی موڵکی حسێن قولیخان لە ناوچەی ئیسفەندئاباددا، بەڵام ئەمە ڕێگریی لە عەبدوڵا پاشای بابان نەکرد تا داڵدەی حسێن قولیخان بدات، بەتایبەتیش کە پورزای ژنەکەی بوو، وەک ماهشەرەفخانم ئاماژەی بۆ دەکات.(مەستورەی کوردستانی،١٩٨٩: ٢٢٤ - ٢٢٥) کاتێکیش ئەو چەند هەزار کەسەی لە ئەردەڵانەوە هەڵهاتبوون، گەیشتنە شاری سلێمانی، حسێن قولیخان، وەک ماهشەرەفخانم دەڵێت:"هەواڵی کۆچی ئێمەی بیستەوە، خەڵکێکی زۆری بە ئەسپ و هێسترەوە نارد، سەد کەسێ لە بنەماڵەی ئێمە بگوێزنەوە و لەلایەن خۆیشیەوە جێگای هێورین و گوزەرانی بۆ ئامادەکردین و هەر یەکەی بەپێی پێداویستی خۆی کۆمەگ و یارمەتی دەدا و لە خزمەتیدا کاتمان بەخۆشی بەسەر دەبرد، بەڵام پاش چەنانێ، چارەنووسی خودا لە خۆشگوزەرانیی ئێمە ڕازیی نەبوو، ئەوە بوو، لە ڕۆژی ١٤ مانگی زیلحەجەی ساڵی ١٢٦٣(١٨٤٦ز)دا جەنابی حسێن قولیخان نەخۆشی بەسەریدا زاڵ بوو و لە ماوەی شەووڕۆژێکدا گیانی بە بەهەشتی بەرین شاد بوو".(مەستورەی کوردستانی،١٩٨٩: ٢٣٨)

ئەو پێشوازییەی بابانەکان لە ئەردەڵانییەکانیان کرد، بەرهەمی پەیوەندی پێشووتری نێوانیان و داڵدەدانی یەکتر لە کاتی لێقەومانیاندا بوو. هەر کاتێک لایەکیان لێی دەقەوما، پەنای بەر لاکەی تر دەبرد و زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێ دەکرا، هەروەک ماهشەرەفخانیش دەگێڕێتەوە، "لەو شەڕەی لەنێوان حەیدەر سوڵتان و موحەمەد سوڵتان و لەشکری ئەردەڵان و سەردەمی خوسرەوخانی ناکامدا لە هەورامان هەڵگیرسا، دوایی یاخیبووەکان لە هەورامان هەڵکەندران، ڕوویان لە شارەزوور کرد، ئەو کاتە "بڕێ لە بابانەکانیش کە بە یارمەتییەوە هاتبوون، ئەوانیش لەبەر ئەردەڵانیان زەبوون و بێچارە ویستیان بۆی دەرچن، جەعفەر سوڵتانیش زارکی ئەو دەربەندەی لێگرت، کە تێیدا بوون و ڕێگای لێوە هەڵاتنی بەربەست کردن، بەڵام بڕێ لە گەورە پیاوانی سنە، وەک میرزا عەبدولکەریمی موعتەمید و میرزا هیدایەتووڵای ئەمین و ئەمانوڵلا بەگی وەکیل، کە لەو سەروبەندەدا یوزباشی بوو، محەمەد ئاغای نازیر و محەمەد سوڵتان، فەرمانڕەوای سەقز، هەموویان بەرژەوەندییان لەوەدا دیت، کە بابانەکان دەربازکرێن و فەرمانیان دا دەرگای دەربەندەکەیان لێ بکەنەوە".(مەستورەی کوردستانی،١٩٨٩: ١٩٧-١٩٨)

بێگومان جگە لەمان، میرزا محەمەد سادقی کوڕی میرزا هیدایەتوڵلا و میرزا محەمەدی کوڕی، میرزا یوسف و میرزا محەمەد عەلی کوڕیشی لەگەڵ زۆری تردا بەرەو بابان هەڵهاتن. نەجەف قولیخانی کوڕی خودالێخۆشبوو محەمەد حەسەنخانیش کە هەمەکارەی ناوچەی جوانڕۆ و جاف بوو، هەر کە ئەم ڕووداوەی بیستەوە، بە سەر هەوراماندا بەرەو شارەزوور بەڕێ کەوت و ئەمیش خۆی گەیاندە پاشای بابان و پەنای بۆ برد. میرزا فەتاح، کوڕی میرزا فەرەجوڵلایش لە سەردەمی ئەمانوڵلاخاندا کاروباری سەفەری بەدەستەوە بوو و بە نازناوی(ساحیب ئیختیار)ی سەربڵند بوو، هاتە خزمەت پاشای بابان و لەوێ گیرسایەوە و ئارامی گرت.(مەستورەی کوردستانی،١٩٨٩: ٢٢٩-٢٣٠)

## باسی سێیەم
## ماهشەرەفخانمی نووسەر و مێژوونووس

### ١:٣ ڕەوشی خوێندەواریی لە ئەردەڵان و کاریگەریی لەسەر ماهشەرەفخانم

ڕەوشی خوێندەواریی و بایەخدان بە کتێب و کتێبخانە لە کۆشکی میرنشینیی ئەردەڵاندا، جێگەی بایەخی میرانی ئەردەڵان بوو، هەروەکو لە کۆشکی سەردارانی ئێران و تورکیادا، کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند هەبوو بە کۆمەڵێک لە وەستا و شارەزایانی کاروباری کتێب و ڕێکخەرانی دەستنوونووسانەوە.(ڤاسیلییەڤا،٢٠٠٩: ١٤٩) ماهشەرەفخانمیش لەبارەی خوێندەواریی خوسرەوی ناکامی مێردی دەڵێت:"لە چەندین چەشنە ئینشانووسیدا ئوستادانی ئینشا بە شاگردی دەشیان، سەدەفی خامەی دوڕڕی ئاوداری لێ دەچکا".(مەستورەی کوردستانی،١٩٨٩: ١٩٨)

هەروەها چەند جار باسی کتێبخانەکەی خوسرەوخانی مێردی دەکات و بە کوڵ بە بێنازکەوتوویەکەیدا هەڵدەدات و ئەوە دەردەبڕێ کە خوسرەوخان لە کتێبخانەکەیدا لەلای سەرەوە دانیشتووە و کتێبی بۆ دانیشتوان خوێندۆتەوە. شایانی باسە، خوسرەو بن محەمەد، کە لەسەر داوای خوسرەی ناکام، ساڵی١٢٤٩ ک./ ١٨٣٣-

٣٤ کتێبێکی لەسەر مێژووی ئەردەڵان و ئێران لەژێر ناوی "لوبب ئەلتەواریخ"دا نووسیوە، پلەی کیتابدار (پارێزەری کتێبخانەی میر) یان سەرپەرشتیاری کتێبخانەکەی والی ئەردەڵان بووە.(ماهشەرەفخانمی ئەردەڵانی،٢٠١١: ١٠)

بێگومان بوونی کتێبخانەیەکی لەو جۆرە، کە "وەک کتێبخانەکەی شاهانە بووە و دەیان و سەدان کتێبی نایاب و دیوان و کەشکۆڵی جۆراوجۆری ئەو سەردەمە و پێشتریشی تێدا بووە"(ماهشەرەفخانمی ئەردەڵانی،٢٠١١: ٢٠) زەمینەیەکی باشی بۆ گەشەسەندنی خوێندەواریی و ڕۆشنبیریی بۆ ماهشەرەفخانم دروستکردبوو.

ڤاسیلیێڤا لەبارەی پێگەیشتنی هزریی ماهشەرەفخانمەوە دەڵێت:"لەناو ئەو شاعیر و مێژوونووسانەی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، ماهشەرەفخانمی کوردستانی جێگەیەکی بەرز و دیاری هەیە، ئەوەندەی ئێمە پێ بزانین، لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکدا، تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، مەستوورە تاقە ئافرەتێکی مێژوونووس بووە".(کۆمەڵێک نووسەر،٢٠٠٨: ٤١) لە پێشەکی کتێبەکەی ماهشەرەفخانمیشدا دەڵێت:"بەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم ژنی ڕۆشنبیری وەک مەستوورەی بەخۆیەوە نەدیووە".(ماهشەرەفخانمی ئەردەڵانی،٢٠١١: ١١) هەرچی عەلی ئەکبەری وەقایعنیگاریشە، لەبارەیەوە نووسیویەتی:"یەکێ لەم خانەوادەیە، ئافرەتێک بوو، کە ئامۆزای ئەم بێچارەیەیە، نازناوی مەستوورە بوو، بەڕاستی بەهۆی ڕێز و خەتخۆشیی، هەروەها ئینشای باڵا و شیعری بەرزییەوە، شیاوی ئەوە بووە مێژوونووسانی جیهان لە لاپەڕەکانی مێژووەکانیاندا ناوی بۆ یادگار تۆمار بکەن".(ماهشەرەفخانمی ئەردەڵانی،٢٠١١: ١٢)

## ٢:٣ زانستە ئیسلامییەکان، وەک سەرچاوەیەکی مەعریفی و کاری ماهشەرەفخانم

ڕەنگە سەرنجڕاکێشترین کاری تری ماهشەرەفخانم، کتێبەکەیەتی لەبارەی شەرعەوە بە ناوی "عەقائید". ڕاستە ماهشەرەفخانم زانایەکی ئایینی نەبوو و زۆریش لە زانستەکانی ئیسلام قوڵنەبووبووەوە، بەڵام، وەک یەکەم ئافرەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەو دیدەوە، کە دەیویست ئایینی ئیسلام بە شێوەیەکی سادە بگەیەنێتە فراوانترین توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی، شایستەی ڕێزلێنانێکی زۆرە. کتێبی "شەرعیات" یان "ریسالەی شەرعییە"، کە بە قەبارە گەورە نەبووە، بەڵام گرنگییەکەی لەوەدایە، کە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە ڕەوشی کۆمەڵایەتیی و کولتووریی ئەو سەردەمەی کوردستان، بەتایبەت باشووری ڕۆژهەڵاتی پێ بناسرێنێت، بەتایبەتییش لەو سەردەمەدا ململانێیەک لەو ناوچەیەدا لەنێوان تەریقەتی قادریی کۆنباو و نەقشبەندیی نوێگەرییدا لەئارادا بوو. ئەم کتێبە ساڵی ١٩٩٨ لەلایەن د. عەبدوڵا مەردۆخەوە لە سوید لە چاپدراوە. ئەمە جگە لە کتێبی "مەجمەعولئودەبا"، کە تا ئێستا چاپنەکراوە.(کۆمەڵێک توێژەر،٢٠٠٦: ٢٠)

لەو سەردەمەدا، کە ماهشەرەفخانم لەدایکبووە و پێگەیشتووە، لە ناوچەی ئەردەڵان و شاری سنەدا، بناغەیەکی مەعریفی گەورەی زانستە ئیسلامییەکان هەبووە، کە بێگومان تەنیا زانست بووە. شاری سنە لە ماوەیەکی کورتدا بووەتە مەڵبەندی کۆکردنەوەی زانایان و شەیدایانی زانستە ئیسلامییەکان بەشێوەیەکی گشتی. زۆر زاناش هەبوون، کە پێشتر و ئەو کاتەش، ڕۆڵی گرنگیان لەو بوارەدا هەبووە. شاری سنە لە ماوەی سەد ساڵدا هێندە ئاوەدان بووە، کە لە هەموو گۆشەیەکی کوردستانەوە، خەڵک بە دوای زانستدا ڕوویان تێکردووە، هەر بۆیە بە دارولعیلم ناوی دەرکردبوو.(کۆمەڵێک توێژەر،٢٠٠٦: ٢٢)

مزگەوتی دارولئیحسان، کە ئەمانوڵلاخانی مەزن لە میانەی فراوانکردنی شاری سنە لەنێوان ١٨٠٥-١٨١٤دا دروستی کردووە. لە دەرەوەی ڕاڕەوەکانی مزگەوتەکە، دوانزە حوجرە و دوو هۆڵ بۆ فەقێ و خوێندکاران، لەگەڵ وەقفکردنی چەند باخ و ڕەزێکی گوندی ئەخلیجانی نزیک سنە بۆ خەرجییان دروستکرابوو، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی لە سەردەمی ئەمانوڵاخاندا ئەردەڵان ببێتە مەڵبەندێکی گرنگی زانست و زانیاری بۆ تەواوی کوردستان. لە سنەدا ٣٧ قوتابخانە و مەدرەسەی تێدا بووە.(کردستانی،٢٠٠٢: ٤٠)

ئوەید نەقشبەندی لە "مەستوورەی ئەردەڵان و ریسالەی شەرعیە"دا دەڵێت:"بێگومان لەو ساڵانەدا، کە مەستوورە لە سنە گەنجێکی بیست ساڵانە بووە، گەورەتری ڕووداو و گۆڕانکاریی عیرفانی و مەعنەوی ناوچەکە – کە لەسەر زانایانی ئایینیش کاریگەر بوو – بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی مەولانا خالید بوو. مەستوورە هیچ کات مەولانای نەدیبوو، بەڵام لەگەڵ کەسێک ئاشنا بوو و لە کەسێ تەئسیری گرت، کە زیاترین بەشی لە تەریقەتی ناوچەی سنە و هەورامان و شارەزووریشی دانابێ، شێخ عوسمانی تەوێڵەیی. شێخ عوسمان تەنیا دوو ساڵ لە مەولانا بچووکتر بوو، بەڵام بەناوبانگترین جێنشین "خەلیفە"ی ئەو لە کوردستاندا بوو. ... ئەو خانەقا و مەدرەسە ئایینییەی شێخ عوسمان لە تەوێڵەی دانا، زۆر کاری کردە سەر ڕەواجی دینداری و تەسەوف و زانستی ئاینی لەناو خەڵکەکەدا.(کۆمەڵێک توێژەر،٢٠٠٦: ٤٧)

مەلا ئەبوبەکری مونسیفی چۆڕیش، کاریگەریی زۆری لەسەر ماهشەرەفخانم دەبێت و کتێبەکەی بە ناوی ئەلوزوح "الوضوح" وەک سەرچاوەیەکی گرنگ پشتی پێ دەبەستێت و چەندان جاریش لە کتێبەکەیدا ناوی هێناوە. بێگومان مەلا ئەبوبەکر دوای ئەوەی لە سەفەرێکی دووروودرێژ بە وڵاتانی میسر، شام و عەرەبستان بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە، لە مەدرەسەی مزگەوتی سور، کە میر حەمزەی بابانیی لە سەدەی سیانزەیەمدا لە مەریوان دروستی کردووە، دەست بە وانەوتنەوە لە فیقهـ، شەرع و زانستە باوەکانی ئیسلامیدا دەڵێتەوە. (کۆمەڵێک توێژەر،٢٠٠٦: ٥٠)

ئەمە جگە لە زانایانی تری سەردەمی ماهشەرەفخانم خۆی، نموونەی شێخ قەسیمی نەوەی شێخ مستەفای تەختەیی مەردۆخی و شێخ حەبیبولای کەشتەریی بوو. شێخ قەسیم لە سەردەمی ئەمانوڵاخان وانەبێژ و پێشنوێژی مزگەوتی دارولئیحسان بوو. ڕەنگە مەولانا خالیدیش کاریگەریی لەسەر گەشەی فیکریی "ئایینی" ماهشەرەفخانم هەبووبێت، مەولانا پێش ئەوەی بۆ هیندستان بچێت، دوو ساڵێک لای شێخ قەسیم دەرسی خوێندووە و دوای گەڕانەوەیشی دیسانەوە سەردانی سنەی کردووە و ماوەیەک لەوێ ماوەتەوە. ڕەنگە کاریگەریی مەولانا خالید زۆرتر لە ڕێگەی شێخ عوسمانی تەوێڵەیی یان بیارەیی بووە، کە ناودارترین خەلیفە و شوێنگرەوەی مەولانا بووە. مەولانا خالید، وەک مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە "یادی مەردان"دا دەڵێت، کە لەناو ئەو زانا ئایینیانەی مەولانا خالید لایان خوێندوویەتی، "شێخ موحەمەدی قەسیمی سنەیی، کە ئیجازەیشی لە خزمەتدا وەرگرتووە".(مودەڕیس،ب٢٠١١،١: ١٠) سەبارەت بە شێخ موحەمەدی قەسیمیش دەڵێت:"کوڕی ئەحمەدی مەردۆخی، مامۆستای مزگەوتی دارولئیحسانی سنە، کە زانایەکی گەورەی کوردستانی سەردەمی خۆی بووە، ئەم زاتە برای شێخ موحەمەدی سەعیدی باوکی شێخ قادرە، کە شەرحی لەسەر کتێبی (تهذیب الکلام) نووسیوە. کاتێ کە مەولانا لە هیندستان ئیجازەی ئیرشادی ئەدرێتێ و ئەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و ئەگاتە شاری سنە، شێخ موحەمەد قەسیمی مامۆستای تەمەسوکی پێ ئەکا و ئەبێ بە خەلیفەی و ئاخری عومری لە تەسەوف و ئیرشاددا سەرف ئەکا تا لە ١٢٣٦ی هیجرەتدا(١٨٢٠ز.) کۆچی دوایی ئەکا".(مودەڕیس،ب٢٠١١،١: ١٦)

### ٣:٣ ڕوانگەی ماهشەرەفخانم بۆ نووسینەوەی مێژوو

سەبارەت بە دەستپێکردنی ماهشەرەفخانم بە دانانی شیعر، نووسینەوەی مێژوو و دانانی کتێب لەسەر شەرع و فیقهـ و ئینجا مێژووی شاعیران و ئەدیبانی کورد، دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە پێش ماهشەرەفخانم، لە کوردستانی باشوری ڕۆژهەڵاتدا، بەتایبەتی لە ئەردەڵاندا بناغەیەکی پتەو بۆ نووســـینەوەی مێژوو، بەتایبەتی مێژووی ناوچەکە و ئەردەڵان هەبووە و دوای ماهشەرەفخانمیش هەر بەردەوام بووە.

ڤاسیلییڤا پێی وایە،"ئەوەی، نووسەرانی دەستنووسەکان کە لە ئەردەڵان ژیاون و بەرهەمەکانی خۆیان لەوێدا نووســـیوە، ڕێگەمان دەدا بڵێین قوتابخانەیەکی تەواوی مێژووناســـی ناوچەکە لەوێدا هەبووە، جارێش ئەوەی بۆ کوردســـتان تازە بێت، ئەو فاکتەیە، کە چەند دەستنوسێکی ناوچەیی دەربارەی فەرمانڕەوایەتی ئەردەڵانیان هەن. ئەوەش ڕێگە بۆ ئەوە خۆش دەکات، کە بتوانین بۆ مێژووی ڕابردووی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان".(ڤاســـیلییەڤا،٢٠٠٩: ١٧) ئەو نووســـەرانەیش، کە لەبارەی ئەردەڵانەوە نووسیویانە ئەمانەن:"محەمەد شەریف بن مەلا مستەفای شێخولئیسلام قازی – "زوبدەت ئەلتەواریخی ســـەنەندەجی(ســـاڵی ١٢١٥ ک./ ١٨٠٠-١٨٠١ نووسراوە)" و دانەیەکی لە کتێبخانەی زانکۆی کامبریجدا پارێزراوە( Хусрав ибн Мухамад,1984: 18)؛ محەمەد ئیبراهیمی کوڕی مەلا محەمەد حســـێنی ئەردەڵانی – "مێژووی میرانی ئەردەڵان(ســـاڵی ١٨١٠ نووسراوە)"، کە پاشـــکۆی بەندی دووەمی بەرگی یەکەمی "شـەرەفنامە"ی بەدلیسییە، و باسی مێژووی میرانی ئەردەڵان لەنێوان ١٥٩٦- ١٨١٠ دەکات18 :Хусрав ибн Мухамад,1984) و لەسەر داوای ئەمانوڵلاخانی گەورەی ئەردەڵان نووسراوە؛ (کۆمەڵێک توێژەر،٢٠٠٦: ٨٩)؛ کرۆنیکای خوسرەو ئیبن محەمەد ئەردەڵان، کە ســـاڵی ١٨٣٣-١٨٣٥؛ واتە دە ساڵێک پێش ئەوەی ماهشـــەرەفخانم ، لەسـەر ڕاسپاردەی خوسرەوخانی دووەم – ناکام نووسراوە.(کۆمەڵێک توێژەر،٢٠٠٦: ٨٩)

شـــایانی باســـە، ئەم کتێبەی ماهشـــەرەفخانم لە بنەڕەتدا ناوی "تاریخ الاکراد/ مێژووی کوردان" بووە، بەڵام میرزا عەبدوڵای مامی، کە دوای مردنی دانەر، ســێ ســاڵ، واتە ســاڵی ١١٦٧ک. خســتۆتە ســەری، ئامادەکەر و چاپکەری کرۆنیکاکە، ناسری ئازادپور ناوەکەی بۆ "تاریخ اردلان/ مێژووی ئەردەڵان" گۆڕیووە و ســـاڵی ١٣٢٨ ک هــــ/ ١٩٤٩ ز لە چاپی داوە. ئـازادپور لەبارەی ئەم بەرهەمەی ماهشـــەرەفخانمەوە، لە پێشـــەکییەکەدا دەڵێت:"هەرچەندە زۆر کتێب و دانراو لەبارەی مێژووی ئەردەڵانەوە نووسراوە، بەڵام پێویســـتە دان بەوەدا بنێین، کە مێژووەکەی مەســـتوورە، لەڕووی کاتی نووســین و کەســایەتی دانەرەکەیەوە، هەروەها پەیوەندی خزمایەتیی لەگەڵ ماڵباتی ئەردەڵان، لە هەموو کتێبەکانی تر زۆرتر ســـەرنجی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە".(ڤاسیلییەڤا،٢٠٠٩: ٢٠)

### ٤:٣ ڕێبازی نووسینی ماهشەرەفخانم لە دانانی مێژووەکەیدا

بەرهەمەکەی ماهشـــەرەفخانم، ســـەبارەت بە مێژوو، زۆر باش ناسراوە و جێگەیەکی تایبەتی لە هیسترۆگرافیای ئەردەڵانیدا هەیە. ئەگەر خوسرەو ئیبن محەمەد، کە تەنیا دە ســـاڵان پێش ماهشـــەرەفخانم(١٨٣٣- ١٨٣٥) بوو، هەرگیز گوێی بە تێککردنەوەی زانیـاریەکانی خۆی و هی خەڵکی تر نەداوە، ئەوا نووســـەری(تەئریخی ئەردەڵان) بەگوێرەی توانا هەوڵیداوە زانیاریەکان هەڵســـەنگێنێ. ماهشـــەرەفخانم لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە سەیری سەرچاوەکەی کردووە و، هەرچەندە لەو کتێبەدا گومانی خۆی لەســەر زانیاریەکان بە ئەو پەڕی ئەدەبەوە دەربڕیووە، هەڵوێســتی ئەم مێژوونووســە بە ڕوونی دیارە، کە دژی باوەڕی ســـاکارانەیە بە هەموو ئەوەی نووسراوە، ئەوەی کە سیمای نووسەرانی پێش خۆی بووە".(ڤاسیلییەڤا،٢٠٠٩: ٢٠)

ماهشـەرەفخانم خۆی سـەبارەت بە مێژووەکەی و کەڵکەڵەی نووسـین و هەروەها شـــێوازی ڕەخنەگرانەیەوە دەڵێـت:"ئەگەرچی بە دوورودرێژی نووسراون، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە کورتەیەک لە مانەی ماونەوە دوڕی نەسمراو بوو، منی کەمینە کە کەمترین دارخورمای گەڵشەنی ئەم گوڵزارە وەک ئیرەم بنیاتنراوە، پشتاوپشت نەمامی سایەپەروەری ئەم بنەماڵەیەم و ئێستا بەژنی بەهرەم بە زیوەری چەندین پشت لەگەڵ ئەو زنجیرە پایەبڵیندەدا ڕازاندۆتەوە و بە ســـەر قەڵاندۆشـــکانی شـــانازیی بە بەزەکی هاوپێوەندی لەگەڵ ئەو بنەماڵە ستایشکراوەدا ڕازاندراومەوە و بە سروشتی بڵێسەدار و زەینی ڕەخنەگرانەوە بە دووی درێژەپێدانەوە چوونم بە پێویســـت زانی و پەرژامە سەر نووسینی ئەم جەند دێڕە".(مەستوورەی کوردستانی،١٩٨٩: ١١- ١٢)

### ٥:٣ ڕوانگەی ماهشەرەفخانم لەسەر مێژوو

بەدلیســـی، وەک یەکەمین مێژوونووسی کورد، دەڵێت:"هەموو نیـاز و ئـاواتم ئەوەیە: کە خـانەدانە گەورەکانی کـوردســـــتـان ناویان لەناوناوان بمـێـنێ و لەناونەچن".(بەدلیسی،١٩٧٣: ١٤) هەرچی ماهشـــەرەفخانمە، هەروەک لە پێشـــەکیی کتێبەکەیـدا ئـامـاژەی بۆ ئەوە دەکات، کە "بە سروشـــتی بڵێســـەدار و زەینی ڕەخنەگرانەوە بە دووی درێژەپێدانەوە چوونم بە پێویســـت زانی و پەرژامە ســـەر نووســـینی ئەم چەند دێڕە و دەنگوباسی پاشـــەڕۆژ بە خێر و خۆشی و بەختەوەریی گوزەرینی زنجیرەی پایەبڵندی ئەردەڵانم هەڵهێنجاوە و لە پێشـــینانم بیســـتووە و بەرچـاوی منی کەمینە کەوتووە، لەم نوسخەیەدا ڕوون کردۆتەوە".(مەســـتوورەی کوردستانی،١٩٨٩: ١٢)

نووســـەری کتێبی مێژووی ئەردەڵان لەو شـوێنەدا کە باسی تەیمور خانی ئەردەڵان لە شـــەڕی گەڕووســـدا دەکا – بە ئاماژە بۆ ئایەتێک لە قورئان – کوژرانی ئەو میرە وەک ویست و قەدەری خواوەندی مەزن لە قەڵەم دەدا؛ هەروەها لە لاپەڕەی ٢٣٢ کتێبەکەیدا کاتێ چۆنیەتی لەســـەر کارلابرانی ڕەزا قولیخان شـــیدەکاتەوە، دەڵێ:"هەر شتێک خواوەند بیەوێ سەبەبکاری بۆ دەڕەخسێنێ". ئەو خاڵە نیشاندەری ئەوەیە، کە ڕەوتی گەڕیانەکانی مێژوویی دامەزراو لەسەر ئیرادە و ویستی خوا دەزانێ و مێژوو لە چوارچێوەی پانتاییەک بۆ ڕاپەڕاندنی ویســـتەکانی خواوەندا دەبینێ".(کۆمەڵێک توێژەر،٢٠٠٦: ٥٩)

شـێوازی نووسینەوەی مێژوو لەلایەن ماهشـەرەفخانمەوە لەسـەر بنەمای ڕێبازی ئاوێتە بوو: مێژوونووس لە نێوان گێڕانەوە جیاوازەکاندا تەنیا یەک یان دوو گێڕانەوە لە ڕێی بەراورد و ئاوێتەکردن و بەدیهێنانی تەبایی لەنێوان گێڕانەوەکاندا هەڵدەبژێرێ و ڕووداوی دڵخوازی خۆی لە گێڕانەوەکەیـدا باس دەکات؛ مـاهشـــەرەفخـانم بۆ لێکدانەوەی ڕووداوێک لەنێوان چەند گێڕانەوەدا، یەک یان دووانیان هەڵدەبژێرێ و دواتر لەڕێی بەراورد و بەڵگەهێنانەوەوە، هەوڵ دەدا ڕابردوو سەرلەنوێ دابڕێژێتەوە. بۆ وێنە لە لاپەڕەی ١٠٦ کتێبەکەیـدا کاتێـک باسی مردنی(ســـوبحان وێردیخـانی ئەردەڵان) دەکا، دوو گێڕانەوە – یەکیان هی مەلا محەمەد شـــەریف و ئەوی تر لە (تەســـنیفی خوسرەو بەگ) – دێنێتە بەر باس و دواتر ئەو دووانە لەگەڵ یەک بەراورد دەکا و لەڕێی شرۆڤە و بەڵگەهێنانەوەی بەجێ و گێڕانەوەی ڕاســـت و ڕێ تێچوو هەڵدەبژێرێ.(کۆمەڵێک توێژەر،٢٠٠٦: ٦٣)

## دەرئەنجام

لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، لە ئەنجامی حوکمڕانیی خوسرەوخانی گەورە و ئەمانوڵاخانی کوریەوە، میرنشینیی ئەردەڵان پێی نایە قۆناغێکی مێژوویی خۆی و نزیك لە سەربەخۆییەوە؛

هەر لەو سەردەمەدا جگە لا ماڵباتی میران، چەند خێزانێکی بەهێزی خاوەن دەسەڵات لەناو میرنشینییەکەدا هەبوون، کە ڕۆڵیان لە بەهێزیی میرنشینییەکە و یەکلاکردنەوەی ململانێکانیشـــیدا هەبوو. لەناو ئەوانەدا هەردوو خێزانی وەزیری و قـادری، کە پەیوەندی ژنوژنخوازیشیان لەگەڵ میرانی ئەردەڵاندا هەبوو.

یەکێـک لە بەرهەمەکانی ژنـوژنخـوازیی ئەو دوو خـانەوەدایە، لەدایـکبـوونی ماهشەرەفخانم بوو، کە بەپێچەوانەی دابونەریتی ئەو سەردەمە و بە هەوڵ و کۆششی باوکی و بە هۆی ئەو ڕەوشە ڕۆشنبیریی و زانستییەی لە سنەی پایتەختی ئەردەڵاندا هەبوو، خوێندەوارییەکی باشی پەیداکردبوو.

ماهشەرەفخانم بە بەهرە و سودوەرگرتن لە زانایانی ئایینی و شاعیر و ئەدیبان کورد و هەروەها ئەو کتێبخانەیەی لە کۆشکی میری ئەردەڵاندا هەبوو، توانی بوونی خۆی، نەک هەر وەک هاوســـەری خوسرەوخانی والی ئەردەڵان، بەڵکو وەک شـــاعیر، مێژوونووس و دانەری کتێبی شەرع بچەسپێنێت؛

بەڵام لە ئەنجـامی ئەو ململانێیەی لەناو مـاڵبـاتی میرانی ئەردەڵانـدا، دوای مردنی خوسرەوخانی ناکام دەرکەوت و هەروەها هەوڵدانی دەســـەڵاتدارانی قاجاری نۆ دەســبەســـەرداگرتنی میرنشــییەکە، لەڕێگەی ژنوژنخوازیی و بەشــیعەکردنی ناوچەی ئەردەڵان، بشــێویی کەوتە ناو میرنشــینی ئەردەڵانەوە و لە ئاکامدا ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی ئەردەڵان، لەناویاندا لە ماڵباتی میران بە ماهشـــەرەفخانمەوە ناچاربوون پەنا بۆ میرنشینیی بابان بەرن.

ماهشـــەرەفخانم، کە بە گەواهی زۆر لە کوردناســـان، تەنیا مێژوونووسی ئافرەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتی ســەدەی نۆزدەیەمە، دوای چەند ســاڵێکی کورت و لەکاتێکدا بەرهەمە ناوازەکەی لەسـەر مێژووی کورد تەواو نەکردبوو، مەرگ یێخەی دەگرێت و لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی پایتەختی باباندا دەنێژرێت.

## سەرچاوەکان

### به زمانی کوردی

ئەمین زەکی بەگ، خولاسەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان، بنکەی ژین، سلێمانی -٢٠٠٦.
بەدلیسی، شەرەفخان، شەرەفنامە، و. هەژار. چاپخانەی نوعمان، نەجەف-١٩٧٣.
جومعە، بەدیع محەمەد (د.)، شـــا عەباسی گەورە(١٥٨٨- ١٦٢٩)، و. عەزیز گەردی. ناوەندی ئاوێر. هەولێر - ٢٠١٥.
حەســـەنخان - شـــاعیر و مێژوونووسی ناوداری کورد، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر - ٢٠٠٦.
ڕیچ، کلۆدیۆس جەیمس، گەشتنامەکەی ڕیچ بۆ کوردستان - ١٨٢٠، و. محەمەد حەمە باقی، چاپی پێنجەم، بڵاوکراوەی موکریانی - ٢٠١٢.
ڤاسیلیەڤا ی. ئی. ، کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات - لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدەوە، کورتەیەکی مێژووی میرنشـــینانی ئەردەڵان و بابان. و. د. ڕەشـــاد میران، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر - ٢٠٠٩.
ڤاســـیلیێڤا ی. ئی. ، کوردســـتانی باشـــوری ڕۆژهەڵات - لە ســـەدەکانی حەڤدەیەم - نۆزدەیەم، ســـەرچاوەیەک لەبارەی مێژووی میرنشـــینیە کوردییەکانی ئەردەڵان و بابانەوە. وەرگێڕانی لە ڕووسیەوە: د. ئارام عەلی، چاپخانەی کارۆخ، سلێمانی - ٢٠١٨.
کۆمەڵێک نووســـەر، چەند وتارێکی کوردناسی، ئەنوەر قادر محەمەد لە ڕووســـییەوە کردوونی بە کوردی و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیون، بنکەی ژین، سلێمانی - ٢٠٠٨.
کۆمەڵێک توێژەر، بیرئانینی مەســتوورەی ئەردەڵان - شـاعیر و مێژوونووسی ناوداری کورد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر - ٢٠٠٦.
كردســـتاني، علي أكبر، الحديقة الناصريية في تأريخ و جغرافيا كردســـتان، ترجمة: جان دوســت، دار ئاراس للطباعة و النشر، أربيل - ٢٠٠٢.
ماه شـەرەف خانم(مەسـتوورە)ی کوردسـتانی، مێژووی ئەردەڵان، و. د، حسـن جاف و شـکور مستەفا، چ ١، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی - ١٩٨٩.
ماه شـــەرەف خانمی ئەردەڵانی، دیوانی مەســـتوورە، ماه شـــەرەف خانمی ئەردەڵانی. لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنەوەی ئـاراس، جـاپی یەکەم، هەولێر - ٢٠١١.
مینۆرسکی، کورد، تێبینی و وردبوونەوە، د. مارف خەزنەدار لە ڕووسییەوە کردوویەتی بە عەرەبی، حمە سـەعید حمەکریم کردوویەتی بە کوردی، لە بەڕێوەبەرێتی چاپخانەی زانکۆی سـەلاحەدین چاپکراوە، هەولێر - ١٩٨٤.
مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم، یادی مەردان، بەرگی یەکەم و دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر -٢٠١١
مینتیشاشـڤیلی، ئا. م. ، کورد- کورتەی پێوەندیی کۆمەڵایەتی – ئابووریی، ڕۆشـنبیری و گوزەران، و. پ.د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر - ٢٠٠٨.
محەمەد حوسێن، لوڕستان لە سەفەرنامەی گەشتیاراندا، و. سەلاح نیساری، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر - ٢٠١٣.
مونشـی بەغدادی، محەمەدی کوڕی ئەحمەد حوسـێنی ، سـەفەرنامەی مونشـی بەغدادی لە تەک مستەر ڕیچدا(١٨٢٠)، و. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، خانەی موکریانی، هەولێر - ٢٠١٤.
نیبوور، ســـەفەرنامەی نیبوور(لە ســـەدەی هەژدەدا) و. ئەردەڵان عەبدوڵلا، چاپخانەی موکریانی، هەولێر - ٢٠١٣
نيكيتين، با سيلي، الكرد - درا سة سوسيولجية و تأريخية، نقله من الفرنسية و علق عليه: د. نوري طالباني. مكتب الفكر و التوعية (أوك)، السليمانية - ٢٠٠٦.

### به زمانی عەرەبی

عماد عبدالسـلام رؤوف (د.)، دراسـات وثائقية في تأريخ الكرد الحديث و حضـارتهم، ، أربيل – ٢٠١١

### به زمانی ڕوسی

Курдистани, Али Акбар Хронист, Сад Царства Насира. Пер. с перс. Е. И. Васильева. Ст. – Петербург- 2012.
Мах- Шараф ханум Курдистани. Хроника дома Ардалан. Пер. с перс. Е. И. Васильева. Москва- 1990.
Минорский В.Ф. Курды. Заметки и впечатления (с приложением карты).Петроград, 1915.
Хусрав ибн Мухамад Бани Ардалан, Хроника (История курдского княжского дома Бани Ардалан), пер. с перс. Е. И. Васильева. Москва –1984.